Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.24.11C07

# ناوچەی گەرمیان لە تۆماری گەشتیارانی عەرەبی و ئیسلامی  سەدەکانی ناوەڕاستدا

**کەیوان ئازاد ئەنوەر**

بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received: | September, 2023 |
| Revised: | February, 2024 |
| Accepted: | March, 2024 |

**Keywords**

کورد، گەرمیان، گەشتیاران، مێژوونووسان، بەروبوومی کشتوکاڵی، بازرگانی

**Corresponding Author**

Kaiwan.anwer@univsul.edu.iq

**پوختە:**

ناوچەی گەرمیان، یەکێك بووە، لەو ناوچانەی کوردستان، کە جێ بایەخ و سەرنجی گەشتیارانی عەرەبی و ئیسلامی سەدەکانی ناوەڕاست بووە. ئەو تۆمارانەی نەك هەر چەندین زانیاری بەنرخ و گرنگیان لەسەر پێکهاتەی نەژادی و ئایینی و کۆمەڵایەتی ناوچەکە لەخۆگرتووە، بەڵکو ئاماژەشیان بە باری گوزەرانی خەڵك و بەرهەم و داهاتەکەی و چەندین هۆز و خێڵ و کەسایەتی ناوچەکە داوە. زانیارییەکانیش لە زاری کەسانێکەوە تۆمار کراون، کە هاوسەردەمی ڕووداوەکان، یان لێوەی نزیك بوون. ئەوانەشی بە ناوچەکەدا ڕەتبوون، شتێکیان لەسەری نووسیووە، بەڵام ئەوانەی لەوێ ماونەتەوە لەگەڵ خەڵکەکەی کەوتونەتە گفتوگۆ، زانیاری باشیان، لە زاری خەلکەکەی وەرگرتووە تۆمار کردووە. هەربۆیە بەرهەمەکانیان بایەخدار و گرنگ بوون.

لێرەوە بەمەبەستی کۆکردنەوەو خستنەڕووی زانیاری ووردی ئەو گەشتیارانەی قۆناغی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست و خزمەتکردن بە چوارمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی زانکۆی گەرمیان، کە دەخوازێت زانیاری باش و زانستی لەسەر ناوچەی گەرمیان کۆبکاتەوە، ئەم توێژینەوەیە ئامادەکرا. لەم بوارەشدا توێژینەوەکەمان بۆ (دوو) باس دابەشکرد. لە باسی یەکەمدا تیشکمان خستەسەر پێگەی ناوچەی گەرمیان و دیارترین مەڵبەندەکانی ناوچەکە، لە تۆماری گەشتیارە عەرەبی و ئیسلامیدا. باسی دووەمیشمان بۆ بوارە جیاجیاکانی ژیانی خەڵکی گەرمیان لە تۆماری خودی ئەو گەشتیارانە تەرخانکرد، کە سەردانی ناوچەکەیان کردووە. دواتر بە ئەنجامێك و لیستی ئەو سەرچاوەو ژێدەرانەی بۆ ئەم توێژینەوە سوودیان لێوەرگیراوە، کۆتایمان بە توێژینەوەکە هێناوە. بەو هیوایەشین، کارەکەمان لەئاست کۆنفرانسەکەو جوانی و چاکی ناوچەکەدا بێت و پەروەردگاریش پشت و پەنامان بێت.

**پێشەکی:**

گەڕانەوە بۆ مێژووی ناوچەی گەرمیان گەڕانەوەیە بۆ تۆماری چەندین مێژوونووس و گەشتیار و ئایناس و زمانەوان و توێژەر و تەنانەت ئەدیب و شاعیر و کاری هونەری، چونکە هەریەك لەوان دیوێکی مێژووی ئەو ناوچەیان تۆمار کردووە. یەکێك لەوانیش گەشتیارانی عەرەبی و ئیسلامی بوون لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، کە دوای تێپەڕبوون بەناوچەکەدا چەندین لایەنی ژیانی ئەو شوێنانەو مێژووی ناوچەکەیان لەو قۆناغەدا تۆمار کردووە. زانیارییەکانی ئەوانیش وورد و گرنگ بوون، چونکە زانیاری وەهایان لەسەر ژیان و پیشەو باوەڕو ئایینی خەڵك و پێکهاتەی شارەکانی ناوچەکەو ڕەزو باخ و بەرهەمە کشتوکاڵییەکان تۆمار کردووە، لە بەرهەمە مێژووییەکاندا تۆمار نەکراون، بۆیە کۆکردنەوەی ئەو زانیاریانە لەسەر ئەو گەشتیارانەی بەردەست بوون، لایەنێکی گرنگی مێژووی گەرمیانیان بۆ تۆمار کردووین. دیارە ئەوەش دوای پشتبەستن بە تۆماری مێژوونوسانی سەردەمەکەو دواتریش، کە بەشێکی کەمی بەرهەمەکانیان بۆ مێژووی ناوچەکە تەرخانکردووە.

خاڵێکی تر، کە پێویستە ئاماژەی پێبکەین، بایەخ و گرنگی توێژینەوەکەیە لەو قۆناغە مێژووییە، کە پێگەی چەند دەسەڵاتێکی سیاسی کوردی بوو، لەوانە (حەسنەوی، عەنازی، شاهینی). بۆ ئەوەشی مێژووی ئەو دەسەڵاتە کوردییانە نەبنە بەشێك لەم توێژینەوەیەو لە چوارچێوەی ناونیشانەکە لانەدەین ، خۆمان لە مێژووی ئەوان بەدوور گرت و تەنیا مێژووی ناوچەکەمان بە گەڕانەوە بۆ تۆماری گەشتیارانی عەرەبی و ئیسلامی خستەڕوو. ئەوەش دوای پشتبەستن بە تۆماری مێژوونووسانی عەرەبی  ئیسلامی.

هەروەها نابێت ئەوەش لەیاد بکەین، کە ئەم هەوڵە زانستییەمان، بێ کێشە نەبوو. ئەوەش بەهۆی زۆری ژمارەی گەشتیاران و ووردی تۆمارەکانیان و ناونەهێنانی (گەرمیان) وەك ناوچەیەکی جوگرافی لە بەرهەمەکانیاندا. ئەمەو جگە لە کەمی کات و ڕێکارەکانی لێژنەی ئامادەکاری کۆنفرانس بە دیاریکردنی ژمارەی ووشە و لاپەڕەکانی توێژینەوەکە. هەموو ئەوانەش وایانکرد، بۆ هەموو تۆمارەکان نەگەڕێنەوەو لەشوێنی زۆر پێویستدا نەبێت، شیکردنەوە بۆ

زانیارییەکان نەکەین، بەڵام بەو حاڵەوەش هەوڵماندا زۆرترین زانیاری گرنگ و مێژوویی لە تۆماری دیارترین گەشتیارانی عەرەبی و ئیسلامی دەربهێنین. دواتر ڕای خۆمان لەسەر بەشێکی زانیارییەکان بخەینەڕوو. بە ئومێدی ئەوەین لەم هەوڵماندا سەرکەوتوو بووبین و کارێکی زانستی باشمان ئەنجام دابێت.

## باسی یەکەم

## جوگرافی ناوچەی گەرمیان و دیارترین مەڵبەندەکانی

## لە تۆماری گەشتیارانی عەرەبی و ئیسلامیدا

**پێگەی جوگرافی ناوچەکە:** (گەرمیان) بە یەکێك لە ناوچەکانی کوردستان و مەڵبەندە کوردنشینیەکان دادەنرێت، کە کەوتۆتە بەشی باشووری خاکی کوردستانەوە. بۆ زیاتر لە سەدە و نیوێکیشە بەسەر هەردوو بەشی باشوورو خۆرهەڵاتی کوردستان دابەشکراوە. ئەوەش بەپێ هەردوو ڕێکەوتنانەی (ئەرزەرووی یەکەم) لەساڵی (1843ز)و (ئەرزەرووی دووەم) لەساڵی (1947ز)، لەنێوان هەردوو دەوڵەتی (قاجاری و عوسمانی) دابەشکرا. بەپێی ئەو دابەشکرایەش بەشێکی کەوتە قەڵمرەوی دەوڵەتی قاجاری و بەشەکەی تری کەوتە سنووری دەوڵەتی عوسمانی. دواتر ئەو بەشەی سنووری دەوڵەتی قاجاری بووە بەشێك لە خاکی ئێران و دەوڵەتەکەی. بەشەکەی تریشی بووە بەشێك لە دەوڵەتی ئێراق(عبدالعزيز سليمان نوار، 1974، ص81، نەوشیروان مستەفا ئەمین، 2014، لل230-232).

کاتێکیش دەگەڕێینەوە بۆ قۆناغی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست، سەرەتا ناوچەکە بەشێك بوو لە (ویلایەتی کوفە)، دواتر بووە بەشێك لە (ویلایەتی ئێراق). لە سەردەمی دەوڵەتی خەلافەتی عەباسیش، ئەو بەشەی دواتر بووە قەڵمرەوی دەوڵەتی ئێران، سەر بە هەرێمی چیا بوو(محمد امين زكى، 1931، 124/1). ئەو بەشەشی بووە بەشێك لە قەڵمرەوی دەوڵەتی ئێراق، سەر بە هەرێمی ئێراق بوو(الاصطخرى، 1961، ص61). لەم بارەوە (ابن حوقل/350ك/988ز) وەك گەشتیارێکی عەرەبی و ئیسلامی، گەرمیانی، بە بەشێك لە ناوچەی شارەزوور داناوە(1938، 231/1)، بەڵام بە ناوچەیەکی گەرمتر لەو باسی کردووە(أبن حوقل، 368/2)، بۆیە بە (گەرمەسێر) ناسراوە.

بە گەڕانەوەش بۆ تۆماری گەشتیارانی تری عەرەبی و ئیسلامی بۆمان دەردەکەوێت، کە هەموویان بە ناوچەکەدا ڕەت نەبوون. لەوانە (ناسر خەسرەو/481ك-1088ز) وەك گەشتیارێکی ئێرانی و پەیڕەوی شیعەی ئیسماعیلی، کاتێك گەشتەکەی لە ناوچەی خۆراسانەوە دەستپێکردووە، بەکەناری دەریای خەزەر، چۆتە ئازەربایجان و ئەرمەنستان و دواتر بە باکوری کوردستاندا چۆتە (ئانادۆل، شام، میسر). لەوێشەوە چۆتە شاری (مەككە)و دواتر بە شاری (ئابادان)دا گەڕاوەتەوە زێدی خۆی. بەو هۆیەشبە ناوچەی گەرمیاندا تێپەڕنەبووە، تا زانیاری سەردەمەکەیمان لەسەر ناوچەکە بۆ تۆمار بکات(1381هـ.ش، صص1-175). پێدەچێت هۆکارەش ئەوەبێت، کە گەشتەکەی هاوکاتی دەسەڵاتدارێتی تورکە سەلجوقییەکان بووە بەسەر دەوڵەتی خەلافەتی عەباسییەوە. ئەوانیش کە لە پەیڕەوانی سووننەو دژ بە پەیڕەوانی شیعە بوون، بەتایبەت شیعەی ئیسماعیلی، بۆیە (ناسر خەسرەو) هەوڵیداوە خۆی لەو ناوچانە بە دوور بگرتێت، کە چەقی دەسەڵاتی تورکە سەلجوقییەکان بووە، بەتایبەت شاری (بەغداد)ی نزیك بەناوچەی گەرمیان(محمد سهل طقوش, 2001, صص237-247، حسام الدين على غالب نەقشبەندی، 2008ز، ل276، د. زرار سديق تۆفيق، 2010، لل247-304).

(ابن جبیر-ئیبن جوبەیر/614هـ-1217م)یش سەرباری ئەوەی لە وڵاتی ئەندەلوس و لەڕێگای مەغریبی عەرەبی هاتۆتە وڵاتی میسر و دواتر چۆت شام و سەردانی شاری (بەغداد)ی کردووەو چۆتە سەردانی (تاق کیسرا)ش، بەڵام باسێکی لەناوچەی گەرمیان نەکردووە(1853، ص10 بەدواوە).

(ئیبن بەتوتە/779هك-1377ز)ش وەك گەشتیارێکی عەرەبی و ئیسلامی سەرباری ئەوەی گەشەکەی لە شاری (تەنجە)ی مەغریبی عەرەبی دەست پێکردووەو بە خاکی میسردا چۆتە نیوە دوورگەی عەرەبی و ڕێ و ڕەسمی حەجی لە شارەکانی (مەککە و مەدینە) ئەنجام داوە، دواتر چۆتە شاری (کوفە)و بەشاری (واسیت)و هەرێمی خوزستاندا چۆتە هەرێمی فارس و سەردانی شاری (شیراز)ی کردووە. هەر لەوێشەوە بە خاکی ئێراندا چۆتە ناوچەکانی (ئازەربایجان، جزیرە، ئانادۆڵ)و دواتر بە ناوچەکانی شام و وڵاتی میسردا گەڕاوەتەوە زێدی خۆی لەشاری (تەنجە)و دواتر لە شاری (فاس) کۆچی دوایی کردووە، بۆیە بەو گەشتە دوور درێژەیدا بە ناوچەی گەرمیاندا ڕەت نەبووە، تا زانیاری لەسەر وەربگرێت(بلا، صص162-191).

**دیارترین مەڵبەندەکانی ناوچەی گەرمیان لەتۆماری گەشتیارە عەرەبی و ئیسلامییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا:** جیاواز لەو گەشتیارانەی ئاماژەمان پێکردن، پۆلێکی تر لەوان، هاتونەتە ناوچەکەو زانیارییان لەسەر شارو شارۆچکە و گوندەکانی ناوچەکە تۆمار کردووە. لەنێو تۆماری ئەوانیش، ئاماژە بەم مەڵبەندانەی خوارەوە دراوە:

**1. جەلەولا:** ئەم شارەش لای (اليعقوبى-ئەلیەعقوبی) بە گوندێکی ناوچەی هەرێمی چیا و نزیك شاری (حولوان) باسکراوە(1425هـ.ق، 104/2)، بەڵام لە ڕاسنیدا شارێکی بچووك و گرنگی سەردەمی ساسانییەکان و بە مەڵبەندێکی کوردنشین و ئاوەدانی ناوچەکە ناسراوە(ياقوت الحموي, 2008، 70/3). یەکەمین وێستگەی پێکدانانی سوپای موسڵمانەکان بووە لەگەڵ خاکی کوردستان و لەلایەن (هاشمی کوڕی عوتبە کوڕی ئەبی وەقاس) لەساڵی (16ك/637ز) دەستی بەسەردا گیراوە(الطبرى، بلا، 181-180/4، البكرى، 1998، 33/1). ناسرانیشی بەهۆی ئەو بەرگرییەوە بوو، کە خەڵکی شارەکە بە هاوکاری سوپای ساسانییەکان لە شارەکەیان کرد(مسكويه, 1379هـ.ش, 364/1, البكرى، 1998، 23/2، أبن كثير، 2008، 101/5-102، صاڵح قەفتان، 2004، ل121).

**2. حولوان:** دیارترین شاری ناوچەکەو گەورەترین و مەڵبەندیشی بووە(أبن رسته، 1891، ص370، الادريسي، 2002، 670/4/1، د.فرست مرعى، 2011، ص119). یەکەمین شاری گەورەی کوردنشینی ناوچەکە بوو، ئایینی ئیسلامی پێگەیشت(البكرى، 96/1، د.فرست مرعى، ص119). خودی ئەم شارەش لەلایەن (قوبادی یەکەم/488-532ز) پادشای ساسانی لەسەر بەرزاییەك دروستکرا، تا بەسەر دەشتێکی فراواندا بروانێت(ابودلف الخزرجى، 2012، ص128، أبن حوقل، 368/2، الادريسي، 670/4/1، الحميرى، 1980، ص195). دواتر بەناوی باوکییەوە (فەیروزی یەکەم/438-457ز) ناونرا (شا فەیروز)(د.زرار صديق توفيق، 2010، ل34). ئەمەو تا ساڵی (16ك/637ز) شارێکی ئاوەدانی ئیمپراتۆریی ساسانی بوو(أبن خرداذبه، 1988، ص18)، خاوەن قەڵاو شورایەکی قایم بوو(نەقشبەندی، ل455). بایەخی شارەکەش کاتێك دەرکەوت، کە موسڵمانەکان دەستیان بەسەر شاری (تەیسەفون) پایەتەختی ئیمپراتۆریی ساسانیدا گرت، (یەزدەگوردی سێیەم/632-651ز) دوایەمین پادشای ساسانی ئەم شارەی کردە جێگرەوەی پایەتەختە داگیرکراوەکەی و لەوێوە چاودێری پێشڕەوی موسڵمانەکانی کرد(أبن كثير, 100/5, محمد جميل بندى ڕۆژبەیانی، 1996، ل154). هەروەها لەنێوان ساڵانی

(381-511ك/991-1117ز)، واته بۆ ماوەی (130) ساڵ پایتەختی میرنشینی عەنازی بوو(ڕۆژبەیانی، 1996, لل147-264). لە دوای شارەکانی (کوفە و بەسرە)ش گەورەترین شاری هەرێمی ئێراق بوو(أبن حوقل، 246/1)و نیوەی شاری (دینەوەر)و(الحمیری، ص195) مەڵبەندی خێڵی شازنجانی کوردی بوو(د.زرار صدیق توفیق، 2007، ص116، قادر محمد حسن، 2011، ص51). هەروەها بە ئاوەدان و دەوڵەمەندییەکەی(الادریسي، 670/4/1، یاقوت الحموي، 290/2-291، المقدسی، 1909، ص125)و بەرهەمی (زەعفەران، شەراب، هەنگوین، شیرمەنی)و (ڕەز و باخی ترێ و هەنجیر) بەناوبانگ بوو(أبن خرداذبە، ص172، ابودلف الخزرجی، ص128، المقدسی، ص348، الحمیری، ص195). هەنجیرەکەشی و باشترین میوەی شارەکەو دەوروبەری زۆریش شیرین بوو(ابودلف الخزرجی، ص129، الاصطخری، ص61، أبن حوقل، 368/2، الادریسي، 670/4/1). دیارە ئاووهەوای سازگار و زەوی بەپیتی شارەکەو دەوروبەری، کردبوویە خاوەن باخی جوان و ڕەزی گەورە(أبوالفداء، 1840، ص307).

لەلایەکی دیکەوە شارەکە بە (خوێ)ش بەناوبانگ بوو بەهۆی زۆری خوێیەکەی، بەشێك لە خەڵکی ناوچەکە بازرگانیان پێوە دەکردو بۆ ناوچەکانی دەروبەری خۆیان دەیانبرد(ابو الفداء، ص307). ئەوەش بووە سەرچاوەیەکی باشی داهات بۆ بەشێك لە خەڵکەکەی.

سەبارەت بە پێکهاتەی دانیشتوانەکەشی لە (کورد، فارس، عەرەب) پێکهاتوون(الیعقوبی، 1425هـ.ق ص75). ماڵەکانیش لە قوڕو بەرد دروست کرابوون(الحمیری، ص195)و خاوەنی بازاڕێکی درێژ و مزگەوتێکی گەورەش بوو، کە واباسکراوە لەلایەن (خەسرەوی کورد کوڕی شاهان) دروستکرابوو(ابودلف الخزرجی، ص128، المقدسی، ص125). شووورای شارەکەش بەرزو (هەشت) دەرگای هەبووە(المقدسی، ص125). لە وەرزەکانی پاییزو زستان باران و بەفرێکی زۆر لێدەباری(ابودلف الخزرجی، ص128، ابن حوقل، 368/2، ابوالفداء، بلا، ص307)، بەڵام وەرزی بەهاری خۆش و هاوینی گەرم و وشك بوو(أبوالفداء، 1840، ص307، الحمیری، ص195).

**3. بندیجین-مەندەلی:** شارێکی ئاوەدان و گرنگی باشووری ناوچەکە(الاصطخری، ص65, البکري, 256/1)و نزیك (نەهرەوان)و سەر بە شاری (بەغداد) بوو(یاقوت الحموي، 393/2). ناوە کۆنەکەشی (بەندنیج) بووە، کە لە زاراوەی (وەندنیك) وەرگیراوە، بەمانای (خاوەن موڵکی باش یان پێگەیەکی پاك و باش)(جمال بابان، 1987، ص283، محمد جمیل بندی الروزبیانی، 1991، ص86). ناسرانیشی بەهۆی ئەوەبوو، کە بۆ ماوەی (164) ساڵ پایتەختی دەسەڵاتی شاهینی کوردی بوو(ڕۆژبەیانی، 2000، لل51-72). لەڕووی ئاووهەواوە هاوینی گەرم و زستانی سارد و باراناوی بوو(الروزبیانی، 1999، ص160). ماڵی میر و ماڵی قازی و چەند بازارو باڵەخانەیەکی جوان تێدا بوو(یاقوت الحموي، 293/2). هەروەها شارێکی کوردنشین و خاوەن زەوی بەپیتی کشتوکاڵ(الروزبیانی، 1999، ص88-89)و خاوەنی دارخورماو سەرچاوەی ئاوی پاك ناسرابوو(ابودلف الخزرجی، ص131). دانیشتوانەکەشی کورد بوون(الروزبیانی، 1999و ص88). هەروەها پێگەی زانایانی ئایینی و ئەدیب و شاعیر و نووسەرانیش بوو(یاقوت الحموي، 293/2). خەڵکەکەشی موسڵمان و لە هەردوو ئاینزای سوونەو شیعە پێکهاتبوون(الروزبیانی، 1999، ص160).

**4. خانەقین:**- شارێکی ئاوەدان و 6 سەرە ڕێگای نێوان (بەغداد-هەمەدان) بوو(یاقوت الحموي، 361/3، ابوالفداء، ص307). (ئەلبەکری) وەك گەشتیارێکی عەرەبی و ئیسلامی بە (خانقون)و وەك شارێکی سەر بە (حولوان)و هەرێمی فارسی ناوبردووە، نەوەك ئێراق(114/1). ئەوەش بەو مانایەی لای هەر گەشتیارێك و لە هەر قۆناغێکی مێژوویدا، جێگۆڕکێ بە لایەنی کارگێڕی شارەکانی ناوچەی گەرمیان کراوە. ناوی (خانەقین)یش بەمانای (خانووی خۆمان) هاتووە(الروزبیانی، 1991، صص241-242). بە شارێکی کوردنشین و دەوڵەمەند و خاوەن زەوی بەپیتی کشتوکاڵ و داهاتی زۆر ناسراو بوو، ئەوەش بەهۆی بوونی ڕووباری (حولوان-ئەڵوەند)، کە بەناو شارەکەدا دەڕۆیشت، سروشتێکی جوانی بە شارەکە بەخشیبوو(ابودلف الخزرجی، ص127، نەقشبەندی، 47، الروزبیانی، 1991، ص242). بۆ ئەو زێیەش پردێکی باش و بەرز بەشێوەی (قەنتەرە) دروست کرابوو، کە (24) تاق هەبوو وە خانەقینی کرد بوو بە (دوو) بەشەوە(ابودلف الخزرجی، ص127، یاقوت الحموي، 361/3، الحمیری، ص210). لە هەردوو بەری ڕووبارەکەش خانوو و هەروەها کۆشك و دوکان و بازاڕ هەبووە(ابودلف الخزرجی، ص127).

**5. نەهرەوان:** ئەم شارە کەوتبووە بەری خۆرهەڵاتی شاری بەغداد(المقدسی، ص472، أبن حوقل، 242/1، الادریسي, 669/4/1, أبوالفداء، ص307)و مەڵبەندێکی ئاوەدانی ناوچەکە بوو, کە زێ (تامرا-دیالە) پێدا تێپەڕ دەبوو(أبن رستە، ص369). شارەکە لەلایەن (قوبادی یەکەمی ساسانی) ئاوەدان کرایەوەو کۆشکێکی گەورەی تێدا دروستکرد، تا لەکاتی پشووەکانیدا سەردانی بکات و چێژ لە جوانی و سروشتەکەی وەربگرێت(المقدسی، ص433، أبن حوقل، 246/1). ئەمەو بەداهاتی زۆر و داری خورماو بەرهەمی خورمای باش بەناوبانگ بوو(الاصطخری، ص60، المقدسی، ص472). هەروەها خاوەنی سەرچاوەی ئاوی باش و سەوزایی زۆر و باڵەخانەی جوان بووە(أبن رستە، ص369، المقدسی، ص472، أبن حوقل، 242/1). ڕەز و باخەکانی بەناوبانگ و خاوەنی چەندین گوندێ ئاوەدانە(الادریسي، 669/4/1)، بەڵام دوای هاتنی سەلجوقییەکان بۆ (بەغداد)، ئەم شارە پەراوێزخراو بەرەو وێرانە چوو(المقدسی، ص472).

**6. دسکرە:** شارێکی بچووك و ئاوەدان و خاوەن شوورایەکی گەورە بوو، کە لەلایەن ساسانییەکانەوە دروستکرا(أبن حوقل، 246/1، الادریسي، 669/4/1، الحمیری، ص244). ئەگەرچی هەندێك بە گوندێکی نزیك (بەغداد) ناویان بردووەو وا باسکراوە، کە (6) فەرسەخ واتە (36کم) لە شاری (بەغداد)ەوە دوورە(یاقوت الحموي, 301/4، أبوالفداء، ص307، د.حکیم احمد خوشناو، 2009، ص209)، بەڵام بەهۆی بوونی بازاڕێکی درێژ و چەند باڵەخانەیەك، شارۆچکەیەکی ئاوەدان بووە(المقدسی، ص26). دیارە پێدەچێت، تا سەردەمی (ئەبولفیداء) سیمای شاری پێوە نەمابێت، بۆیە بە گوندێکی بچووك باسی کردووە(ص307). ئەمەو خاوەنی ڕەزو باخی زۆر بووە، وەك (ترێ، هەنار، خورما)(الاصطخری، ص61، الادریسي، 669/4/1، الحمیری، ص244). بوونی سەرچاوەی ئاوی باش سازگار و جوانی سروشتەکەی شوێنی پشوودان و مانەوەی کورتی پادشاکانی ساسانی بووە، کاتێك لەشاری (تەیسەفون)ەوە دەچوونە شاری هەمەدان(الاصطخری، ص61، أبن حوقل، 246/1، الادریسي، 669/4/1). وەك زانراویشە پادشاکانی ساسانی لە وەرزەکانی پاییز و زستان لەشاری (تەیسفون) دەمانەوە، بەڵام بۆ وەرزی بەهار و هاوین دەچوونە شاری هەمەدان(پیگولوسکایاو دیگران، 1363هـ.ش، پ56-57، د.جهانگیر اوشیدری، 1371هـ.ش، ص226). لەو گەشتانەشیاندا ئاسایی بە (دسکرە)دا تێپەڕدەبوون بۆیە بایەخی هەبووەو چۆتە تۆمارەکانی مێژووی گەشتیارانەوە. باسیش لەوە کراوە، کە دانیشتوانەکەی لە زۆرینەیەکی ڕەهای کورد و کەمینەیەك خێزانی عەرەب پێکهاتووە(أبن حوقل، 246/1).

**7. خانیجار:** مەبەست لە شاری (تورخورماتو)ە لە ئێستادا(خوشناو، ص170)و لەنێوان شارەکانی (بەغداد و هەولێر)و نزیك (داقوق) بووە(البکری، 220/1، یاقوت الحموي، 211/3). لەلایەن (هاشمی کوڕی عوتبە) دەستی بەسەردا گیراوە(یاقوت الحموي، 211/3).

**8. داقوق:** شارێکی تری ناوچەکە بوو(الحميری، ص244، الروزبیانی، 1999، ص3)، کە بە مەڵبەندێکی ئاوەدان و خاوەنی زەوی کشتوکاڵی ناسراو بوو. ئەوەش بەهۆی ڕۆیشتنی زێیەك بە ناوەڕاستی شارەکەدا(مستوفی قزوینی، صص(42، 228، نەقشبەندی، ل42). ئەمەو مەڵبەندێکی هۆزی (جەلالی-گەڵاڵی)و(د.زرار صدیق توفیق، 2007، ل131، هیوا مەلا حەسەن، 2017، ل39) خاوەن شوورایەکی بەرز و قایم بوو. بە ئاستێك ئەو کاتەی (ئەبولشوك کوڕی عەناز) ویستی لەساڵی (432ك/1030ز) دەست بەسەر شارەکەدا بگرێت، بەهۆی بەرزی و قایمی شووراکە بۆی نەگیرا، ناچار بوو بە ڕێکەوتن لەگەڵ دانیشتوانەکەی دەستی بەسەردا بگرێت(نەقشبەندی، ل456). هەروەها بەهۆی ئەوەی کەوتبووە نێوان (هەولێر و بەغداد)، بووە سەرە ڕێگای بازرگانی هەردوولا. هەروەها ڕێگای بازرگانی نێوان شارەکانی (کەرکوك و بەغداد)و (موسڵ-بەغداد) بوو(نەقشبەندی، لل68-70). دوای گرتنیشی لەلایەن سوپای موسڵمانەکانەوە، بە (ویلایەتی کوفە)وە بەسترایەوە(الروزبیانی، 1999، ص4). لەگەڵ هاتنی تورکەکانیش بۆ ناوچەکە، ناوی (طاووق)یشی بۆ زیادکرا(بابان، صص110-111).

**9. دینەوەر:** شارێکی گەورەو ئاوەدانی ناوچەکە بووە. بەهۆی تێپەڕیوونی زێیەك، شارەکەی کردبووە خاوەن زەوی بەپیت و ڕەز و باخی گەورەو بەرهەمی کشتوکاڵی و دەیان جۆر میوەی هاوینەو زستانە(أبن رستە، ص370، القزوینی، ص346، الادریسي، 673/4/1، الحمیری، ص249). خەڵکەکەشی چاك و میواندۆست بوون(الادریسي، 673/4/1). هەروەها مەڵبەندی دەرکەوتنی دەیان زانای ئایینی و ئەدیب و شاعیر(الیعقوبی، بلا، ص76، یاقوت الحموي، 261/3)و مەڵبەندی هۆزی بەرزیکانی کوردی بوو(د.زرار صدیق توفیق، 2007، صص121-122).

**10. قرمسین:** شارێکی نزیك (دینەوەر)و لەنێوان هەردوو شاری (حولوان و هەمەدان) بووە. بە شارێکی ئاوەدان و خاوەن بازاڕو باڵەخانەی جوان ناسراوە(أبن رستە، ص370، یاقوت الحموي، 36/7-37). بەهۆی بوونی چیای بێستون و ئەو شوێنەوارە بەرزە هەڵکەنراوەی سەردەمی ساسانییەکانیش، جوانییەکی بە ناوچەکە بەخشی بوو(الادریسي، 673/4/1). ئەمەو جگە لە بوونی ڕەزو باخی جوان و زەوی کشتوکاڵی باش و داهاتی زۆر(أبن رستە، ص370، الادریسي، 673/4/1).

**11. سیروان:** شارێکی بچووك و دەوڵەمەندی ناوچەکە و سەر بە هەرێمی چیا بوو(أبن رستە, ص369، یاقوت الحموي، 104/5). بە جوانی و خەڵکە باشەکەی ناسرابوو(ابودلف الخزرجی، ص131). کەوتبووە بەری باکووری ناوچەکەو خانووەکانی لە قوڕ و بەرد دروستکرابوون. شارێکی دەوڵەمەندو خاوەن زەوی بەپیتی کشتوکاڵی(الاصطخری، ص118، أبن حوقل، 369/2)و ڕەز و باخی جوان و سەرچاوەی ئاوی سازگار بوو(أبن رستە، ص369، الاصطخری، ص118).

**12. صمیرە-سومەریر:** شارێکی بچووك(أبن رستە، ص315)، بەڵام ئاوەدان و خاوەن سەرچاوی ئاوی سازگار و زەوی کشتوکاڵی بەپیت بوو(أبن رستە، ص369، الیعقوبی، بلا، ص72، ابودلف الخزرجی، ص131). ڕەز و چەندین جۆر میوەی هەبوو(أبن رستە، ص369، أبن خرداذبە، ص172، ابودلف الخزرجی، ص131). هەروەها گوێزی باش(أبن حوقل، 369/2)و پەنیرەکەشی لە ناوچەکەدا وێنەی کەم و تام و بۆنێکی تایبەتی هەبوو(الحمیری، ص369). زستانی ساردو بەفرو بارانێکی زۆری لێدەباری(ابودلف الخزرجی، ص131). هاوینیشی گەرم بوو. دانیشتوانەکەشی لە (کورد، فارس، عەرەب) پێکهاتبوون(الیعقوبی، بلا، ص72).

**13. ماسبذان:** لەبەری ڕاستی شاری حولوان(ابودلف الخزرجی، ص130)و نزیك شاری (سیروان)و سەر بە ناوچەی گەرمیان و شارێکی گەورەو ئاوەدان و خاوەنی زەوی گشتوکاڵی بوو(الیعقوبی، بلا، ص72، أبن کثیر، 103/5). بە درەختی بەرهەمدار بەناوبانگ بوو، بەتایبەت داری خورماو هەنجیر و نارنج. ئەوەش بەهۆی سەرچاوەی ئاوە سازگارەکەی(الیعقوبی، بلا، ص72، القزوینی، 260). هەروەها چەندین گوندی ناسراو سەر بەو شارە بوون، وەك (دباڵا، ئەلرز، ترمان)(خوشناو، صص192-193).

خاڵێکی نەرێنی لە تۆماری ئەو گەشتیارانەش ئەوەبوو، کە هیچ ئاماژەیەکیان بە چەند مەڵبەندێکی مێژوویی ناوچەکە نەکردووە، وەك (دەرتەنگ، کفری). لەکاتێکدا هەریەك لەوان خاوەن مێژوویەکی کۆن و دیاری سەردەمەکە بوون. **(دەرتەنگ)** شارێکی نزیك (خانەقین)و مەڵبەندی هۆزی کەلهور بوو(د.زرار صدیق توفیق، 2007، ص133). ئەو هۆزەی لە سەردەمی دووەمی عەباسیدا توانیان فەرمانڕەوایەتی ناوچەی خۆیان بکەن(البدلیسی، 2001، ص537).

**(کفری)** شارێکی کۆنی تری ناوچەکە بوو، کە لە سەردەمی ساسانییەکاندا ئاوەدان و لەلایەن (خەسرەو پەروێز/628-632ز) پادشای ساسانی بایەخی پێدرا(صدیق بۆرەکەیی، 1380هـ.ش، ص856). ناوەکەشی لەناوی دارێکەوە لێنراوە، کە بە (کفر) ناسراوەو دواتر بۆتە (کفری). واتە شاری داری (کفر). ئەمەو شارەکە لەلایەن تورکمانەکانەوە ناوەکەی گۆڕاوە بۆ (صلاحیە)(بابان، ص255). ئەوەش بەهۆی ئەوەی شارەکە لە نزیك گوندێك بەناوی (ناساڵح) دروستکراو(عبدالرزاق الحسنی، 1958، ص223، مکرم الطالبانی، 1971، ص6)، بۆیە لەناوی ئەو گوندەوە ناوی (ساڵح)ی بۆ دانراوە، بەمانای ئەوەی ئەمەیان گوند نییە و شارە. بەوەش ناوەکە بووە (ساڵحیە)(میجرسون، 1970، ص89).

## باسی دووەم

## ژیان لە ناوچەی گەرمیان لە تۆماری گەشتیارانی عەرەبی و ئیسلامیدا

بەمەبەستی ئاوڕدانەوە لە ژیانی خەڵك و دانیشتوانی ناوچەی گەرمیان لەو قۆناغە مێژووییە و دوای بە پشتبەستن بە تۆماری گەشتیارانی عەرەبی و ئیسلامی و گەڕانەوە بۆ تۆماری بەشێك لە مێژوونووسانی کۆن و نوێ، تیشك دەخەینە سەر چەند لایەنێکی ژیانی خەڵکی ناوچەکە، ئەوانیش:

**2-1: کارگێڕی ناوچەکە:** بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام و گەیشتنی سوپای موسڵمانەکان بە ناوچەکە، (گەرمیان) بەشێك بوو لە قەڵمرەوی ئیمپراتۆریی ساسانی(أبن خرداذبە، ص18، أبن حوقل، 246/1، المقدسی، ص433،د.زرار صدیق توفیق، 2010، ل9)، بەڵام دوای ئەوەی سوپای موسڵمانەکان دەستیان بەسەر ناوچەکەدا گرت، بووە بەشێك لە دەوڵەتی خەلافەتی ڕاشدی و بە ویلایەتی کوفەوە بەسترایەوە(البلاذری، ص308، الیعقوبی، 1425هـ.ق 104/2-108، د.حسن ابراهیم حسن، 2008، 180/1). شاری (حولوان)یش بووە مەڵبەندی ناوچەکەو سەر بەو ویلایەتە بوو، کە لەلایەن (موغیرە کوڕی شوعبە) بەڕێوەبرا. دواتر (عوتبە کوڕی نەهاس) بووە فەرمانڕەوای. ئەوەش کەوتە سەردەمی خەلیفە (عوسمانی کوڕی عەفان/ڕ.خ)(د.حسن ابراهیم حسن، 370/1، سۆران بەها ئەحمەد، 2019، ل34).

له سەردەمی دەوڵەتی خەلافەتی ئومەویشدا ناوچەکە بووە بەشێك لە ویلایەتی ئێراق، کە مەڵبەندەکەی وەك سەردەمی پێشوو، هەر شاری (کوفە) بوو(د.حسن ابراهیم حسن، 370/1)، ویلایەتەکەش لەلایەن (زیاد کوڕی ئەبی) بەڕێوەبرا(المسعودی، 2001، 31/3، د.حسن ابراهیم حسن، 311/1). لەو سەردەمەشدا شاری (حولوان) بایەخی پێشووی نەما. ئەم دۆخەش لە سەردەمی خەلیفە (عەبدولمەلیك کوڕی مەروان) درێژەی کێشاو ناوچەکە بووە بەشێك لە ویلایەتی ئێراق و درایە دەست (حەجاج کوڕی یوسفی سەقەفی)(المسعودی، 2001، 124/3، صلاح طهبوب، 2009، ص177).

کاتێکیش عەباسییەکان گەیشتنە دەسەڵات، گۆڕانکاری بەسەر کارگێڕی ناوچەکەدا هات. سەرەتا سەر بە ویلایەتی ئێراق بوو. دواتر بووە بەشێك لە هەرێمی چیا. دوای ئەوەش بەشێکی ناوچەکە لەسەر هەرێمی چیا مایەوەو بەشەکەی تر هاتەسەر هەرێمی ئێراق. لە سەردەمی دووەمی عەباسییەکان تا دەرکەوتنی بووەیهییەکان واتە لەنێوان ساڵانی (232-334ك/847-945ز) ناوچەکە پەراوێزخراو ئەو ڕۆڵەی پێشووی هەیبوو، لەدەستیدا، بەڵام لەو سەردەمە بەدواوە جارێکی دیکە ناوەکەی دەرکەوتەوەو کاریگەری لەسەر ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکان و خودی ناوچەکەش دروستکرد(کارل بروکلمان، 1968، ص212). ئەوەش کەوتە دوای دەرکەوتنی هەریەك لە دەسەڵاتەکانی (حەسنەوی، عەنازی، شاهینی) وەك (سێ) دەسەڵاتی کوردی لە ناوچەکە(ڕۆژبەیانی، 2000، ل51-72، قادر محمد حسن، صص35-57، ابراهيم محمود علی مرجونه، 2010، صص115-388).

لەنێو ئەو دۆخە کارگێڕییەی بەسەر ناوچەکەشدا هات، هۆکار بوو، بۆچوونی جیاواز لەلایەن گەشتیارانەوە، لەسەر شارو شارۆچکەو کۆی کارگێڕی ناوچەکە دروست بێت. هۆیەکەش ئەوەبوو، هەریەکیان لەساڵ و سەردەمێکی جیاواز بە ناوچەکەدا تێپەڕین و بەپێ ئەو سەردەمەش کارگێری گوندو شارۆچکەو شارەکانی ئەو ناوچەیەیان دیاریکرد(نەقشبەندی، ل31-70).

لەم نێوەدا دامەزراندنی (میرنشینی حەسنەوی) لەساڵی (330ك/941ز)و بوونی شاری (دینەوەر) بە پایتەختی و بەستنەوەی کارگێری ناوچەکە بە بەشێك لە ناوچەی گەرمیان، تا شاری (حولوان)، لەپاڵ ناوچەی شارەزوور(د. ئاکۆ بورهان محەمەد، ل71)، شێوازی کارگێری ناوچەکەی گۆڕی و لە هەردوو هەرێمی (چیاو ئێراق) جیایی کردەوە. هەروەها بە دەرکەوتنی (میرنشینی عەناز)یش لەساڵی (381ك/991ز)و بوونی شاری (حولوان) بە پایتەختی، زۆربەی ناوچەی گەرمیان بووە بەشێك لە قەڵەمڕەوی ئەو دەسەڵاتە.(أبن الاثير، 330/7، ڕۆژبەیانی، 1999، ل51، د.کەیوان ئازاد ئەنوەر، 2014، ل121، د. ئاکۆ بورهان، لل161-204). بەو هۆیەوەش شارەکانی (دینەوەر، سومەیرە، سامغان، خانیجار، خانەقین، بەندنجین، دسکرە) بوونە بەشێك لە دەسەڵاتی ئەو میرنشینە(ڕۆژبەیانی، ل205).

شاری (مەندەلی)ش لە ناوچەی گەرمیان لەنێوان ساڵانی (330-501ك/941-1105ز) پایتەختی دەسەڵاتی شاهینی کوردی بوو. بەو هۆیەش بەشێکی ناوچەکە لەو ماوەیەدا، کەوتە ژێر دەسەڵاتی بنەماڵەی شاهینی(ڕۆژبەیانی، 2000، لل52-54)، بەڵام دوای کۆتایی هاتن بە دەسەڵاتی ئەو میرنشینانەش، جارێکی تر ناوچەکە بەسەر هەردوو هەرێمی (چیا و ئێراق) دابەشبوونەوە. ئەم دۆخەش تا کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست بەردەوام بوو(د.حسن ابراهيم حسن، 24/4-58، 87، د.کەیوان ئازاد ئەنوەر، لل281-311).

**2-2: پێکهاتەی نەژادی ناوچەکە:** لە ڕووی پێکهاتەی نەژادییەوە، لە چەندین ڕیشەی نەژادی جیاواز پێکهاتبوون، کە زۆرینەیان کورد بوون. ئەمەو جگە لە بوونی ێکهاتەکانی (عەرەب، فارس، تورك، تورکمان) بوونیان هەبوو(أبن رستە، صص369-370، الاصطخری، صص61- 118، اليعقوبی، بلا، ص72-75، د.زرار صدیق توفیق، 2007، صص116-117). کوردیش وەك زۆرینەی پێکهاتەی نەژادی ناوچەکە یەك نەریتی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی باشی لەگەڵ ئەو پێکهاتانە هەبوو(أبن رستە، ص370، ریبوار، صص104-105).

**3-2: ئایین و باوەڕی خەڵکەی:** لە ڕووی باوەڕی ئایینەوە، زۆرینەی خەڵکی ناوچەکە موسڵمان بوون(د.فائزە محمد عزت، 2009، ص210). پەیڕەوانی (جوو، زەردەشتی، مەسیحی)ش بەشێکی دانیشتوانەکەی پێکهێنابوو(صموئیل تینجی، 1995، ص15). ئەمەو جگە لە بوونی پەیڕەوانی مانی لە ناوچەکە لەوانەش لە (نەهرەوان)(أبن الندیم، بلا، 413/9). هەروەها پەیڕەوانی مەزدەکیش هەبوون(أبن الندیم، 464/10، حسین قاسم العزیز، ص169، بندلي جوزی، 2006، صص105-106). ئەمانیش لە سەردەمی بزووتنەوەکەی (بابەکی خوڕەمی) لەنێوان ساڵانی (201-223ك/816-838ز) ژمارەیان زیادی کرد، چونکە بزووتنەوەیەکی مەزدەکی و داکۆکیکاری چینی جوتیار بوون لە دژی ستەمی خاوەن موڵك و دەرەبەگەکان بۆ سەریان(أبن الندیم، 406/9، البغدادی، 1991، صص212-213، د.تهامی العبدلی، 2007، ص69).

ئەوەشی جێگای سەرنجە گەشتیارانی ئەو قۆناغە باسێکیان لە بوونی پەیڕەوانی کاکەیی لەو ناوچەیە نەکردووە، لەکاتێکدا پێناچێت ئەو ئایینە و پەیڕەوانی لەم ناوچەیە نەبووبن. لانی کەم (شاخوشین) یەکێك لە گەورە ڕابەرەکانی، کە لەنێوان ساڵانی (404-436ك/1013-1044ز)دا ژیاوە(جیحون ابادی, 1363ھ.ش، صص273-279، محمد امین هەورامانی، 1984، لل68-72, بهمن بهرامی, 2010، ص109)، ڕابەرایەتی ئایینەکەی لە هەرێمی لۆرستانی کردووە(جیحون ابادی, صص273-279, بهرامی, ، ص109). ئەو ناوچەیەش لە بەری خۆرهەڵاتی ناوچەی گەرمیان بووە.

سەبارەت بە پێکهاتەی موسڵمانیش، کە زۆرینەی باوەڕی دانیشتوانەکەی پێکهێنابوو، لە پەیڕەوانی سوونە و شیعە پێکهاتبوون(البغدادی، صص265-266، حمدالله مستوفی قزوینی، 1336ھ.ش، ص83). کۆمەڵی خەواریجیش بەشێکی پیکهاتەی موسڵمانەکانی پێکهێنابوو. تەنانەت یەکەمین کۆبوونەوەی کۆمەڵەی خەواریجیش لەم ناوچەیە و لە (نەهرەوان) بوو(الازدی، 74/1). (حوثرەی شاری) لەشاری (مەندەلی) ڕووبەڕووی (موعاویەی کوڕی ئەبی سوفیان) یەکەمین خەلیفەی ئومەوی وەستا(البکری، 256/1). جگە لەم کۆمەڵەیەش بیری سۆفیگەری گەیشتە ناوچەکەو پەیڕەوانیان بۆ دروستبوو(د.حیدر لەشکری، 2012، لل90-91). ئەمەو جگە لە چەندین باوەڕی ئایینی تر(المقدسی، ص364).

سەبارەت بە ژمارەی پەیڕەوە ئایینییەکانیش، ئەوا پەیڕەوانی زەرەشتی لە پەیڕەوانی جوو، هەروەها جووەکانیش لە پەیڕەوانی مەسیحی زۆرتر بوون(المقدسی، ص364). بەپێ تۆمارێکی (ابن حوقل)یش بێت لەو ناوچەیە باجی جزیە، لەسەر (500هەزار) کەس دانراوە(234/1). بەو ژمارەیەش بێت نزیکەی (500 هەزار) هاوڵاتی ناوچەکە موسڵمان نەبوون و لە پەیڕەوانی ئایینەکانی (جوو، زەردەشتی، مەسیحی) بوون، چونکە تەنیا ئەوان لەو سەردەمەدا بە (خاوەن کتێب) ناسرا بوون و (باجی جزیە)یان بەسەردا سەپێنرا(الماوردی، بلا، ص364، بروکلمان، ص314). ئەمەو لە زۆرینەی گوندەکان و سەرجەم شارەکان چەندین مزگەوت و لە بەشێکی گوندەکانیش مزگەوت هەر هەبوو(نەقشبەندی، ل480). دیارە بەو پێیەشی مزگەوت وەك ماڵی خودا لای موسڵمانان لێ دەڕوانرا، وە بۆ نوێژکان ڕوویان تێدەکرد، هەروەها نوێژی هەینیش گرنگی خۆی هەبوو، چونکە ئامادەبوون لەو نوێژەو گوێگرتن لە ووتاری هەینی، پیرۆزی خۆی لە ئایینی ئیسلام و لای موسڵمانان هەبوو. تەنانەت لە دەقێکی قورئانیدا، کە دەفەرمووێت ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِيَ

لِلصَّلَاةِ مِن يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَىٰ ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ ۚ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾(سورة الجمعه، الاية: 9)، ئاماژە بە پیرۆزی ئەو نوێژە کرابوو. نوێژەکەش دەبوا لە مزگەوتێکی گەورەی شارەکان بێت. تەنانەت لە گوندە گەورەکانیش ئەو نوێژە دەکرا. ئەمەو ووتاری نوێژی هەینیش بەناوی دەسەڵاتداری ناوچەکە و خەلیفەی عەباسی سەردەمەکە دەخوێنرایەوە(أبن الجوزی، 1970، 7/270-271).

لایەنێکی تری گرنگی ناوچەکە لەڕووی ئایینیەوە تێپەڕبوونی کاروانی حاجییەکانی بەری خۆرهەڵات و باکووری خۆرهەڵاتی دەوڵەتانی خەلافەتی ئیسلامی (ڕاشدی، ئومەوی، عەباسی) بوو بۆ هەردوو شاری (مەککە و مەدینە). ئەوەش بایەخی ناوچەکەی زیادکردبوو، چونکە ئەو حاجیانە لەماوەی تێپەڕبوونیان بە ناوچەکە، دەبوا پێداویستی خۆیان لە گوند و شارۆچکە و شارەکانی هەر لە (پۆشاك، پێڵاو، خواردن، خواردنەوە) لەم ناوچەیە بکڕن و دابین بکەن، ئەمەو دەبوا لەماوەی تێپەڕبوونیان بە ناوچەکە، لەوێ بمێننەوەو شوێنی حەوانەوە دابین بکەن. ئەوەش جۆرێك داهاتی ساڵانەی بۆ ناوچەکە دەستبەرکردبوو(سۆران بەها ئەحمەد، ل227-231).

هەروەها بەهۆی باڵادەستی ئایینزای سووننەش لە ناوچەکەو لەنێو هەر چوار ڕێبازە فیقهییەکە (حەنەفی، حەنبەلی، مالیکی، شافیعی)، تەنیا (ڕێبازی شافعی) زۆرترین پەیرەوی بۆ دروستبوو(الخليل، ص87، النجار، صص166-181، بۆرەکەیی، 1998، لل13-16، مەردۆخ، ل114)، بەڵام پەیرەوی ڕێبازەکانی تریش هەر هەبوون(الخليل، ص87).

ئاینزای شیعەش، وەك ئایینزایەکی تری ئایینی ئیسلام، لە سەردەمی خەلافەتی (عەلی کوڕی ئەبی تالیب/ر.خ) دەرکەوت(د.حسن پيرنيا و عباس اقبال اشتیانی، 1385هـ.ش، 2/358-360). لە سەردەمی بزووتنەوەکەی (موختار کوڕی ئەبی عوبیدەی سەقەفی) بڵاووبویەوە، ئەوەش کاتێك (موختار) لەساڵی (66ك/685ز) لەدژی بنەماڵەی ئومەوی ڕاپەڕی و بانگەشەی بۆ سەرخستنی ئایینزای شیعە کرد(الدينوري، صص424-429، الطبري، 3/437-445، ابن الاثير، 3/464-467). یەکێك لەو ناوچانەشی دەستی پێگەیشت ناوچەی گەرمیان بوو(الازدي، 1967، 1/37، ابن شداد, 1978م، 3/285). تەنانەت (عەبدوڵای کوڕی حارس)ی لەماوەی ساڵێکی بزووتنەوەکە، کردە فەرمانڕەوای هەرێمەکە(الدينوري, صص428-429، ابن الجوزي, 6/59). لەو ماوەیەش بەشێك لە خەڵکی ناوچەکە بوونە پشتیوانی(مستوفي قزويني, 1979، ص209). هۆکارەکەش ئەوە بوو لەو ناوچەیە پەیڕەوانی شیعە هەبوون(احمد علبي, 1988، ص22)، بەڵام ئەم هەوڵەش بە شکستی بزووتنەوەکە و گەڕانەوەی دەسەڵاتی بنەماڵەی زوبێری و دواتر ئومەوی بۆ ناوچەکە و لێدانی پەیڕەوانی شیعە شکستی هێنا(اليعقوبي، 2/189، ابن الجوزي, 6/112, پیگولوسکایا و دیگران، ص169). دوای نزیك (سێ) سەدەش جارێکیتر پەیڕەوانی ئەم ئایینزایە زیادیان کرد. ئەوەش کاتێك بوویهییەکان وەك پەیڕەوانی شیعەی دوانزە ئیمامی، دەستیان بەسەر دەوڵەتی خەلافەتی عەباسیدا گرت(عبدالحسين زرين كوب، 1374هـ.ش، 2/478-480، د. حسن ابراهيم حسن، 2/50). هەروەها بەدەرکەوتنی (میرنشینی حەسنەوی)ش لەناوچەکە(البدليسي، صص111-116، محەمەد ئەمین زکی، 2/61-66). ئایینزاکە بەهێزتر بوو، چونکە بووە ئایینی فەرمی دەسەڵاتەکە(نەقشبەندی، ل162). ئەمەو هەر لەو قۆناغەشدا ئەم ئایینزایە لەنێو خێڵی گاوانی کوردی بڵاوبوویەوە(النجار، صص191-193)، کە کەوتبوونە ناوچەی گەرمیان و شارەزوور.

لەلایەکی دیکەوە بەهۆی بوونی چەندین باوەڕی ئایینی تر، لە ناوچەکە، لە بەشێك لەشار و گوندەکان، پەرەستگای تایبەت بەخۆیان هەبوو، وەك (ئاتشکەدە) بۆ پەیڕەوانی زەدەشتی لە زۆربەی شارەکان و هەندێك لە گوندەکان، تا سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچی بەرامبەر بە سەدەی دەیەمی زایینی مابوو(المقدسی، ص394، ادوارد براون، 1984، 1/310). تەنانەت تا ساڵی (280ك/893ز) ڕێگا دەدرا پەیڕەوانیان ڕێ و ڕەسمی ئایینی خۆیان ئەنجام بدەن و ئاگر لە ئاتەشکەدەکانیان بکەنەوە(ادم متر، بلا، 1/78). جووەکانیش سەرباری ئەوەی لە هەندێك لە شارەکان پەرەستگای خۆیان بەناوی (کنیس یان هەیکەل) هەبوو، لەوانەش لەشاری (حولوان)، دەیانتوانی ئەرکە ئایینی و ڕێ و ڕەسمەکانیان ئەنجام بدەن(المقدسی، ص123). پەیڕیوانی مەسیحیش (کڵێسا و دێر)ی خۆیان هەبوو. بەو هۆیەشی زۆرینەی ناوچەکە لە پەیڕەوانی سووننە بوون(الخليل، ص87، مصطفی احمد النجار، 2007، صص166-181، د.صديق صفی زادە بۆرەکەیی، 1998، لل13-16، محەمەدی مەردۆخ، 2011، ل114)، بۆیە مامەڵەی کوردە موسڵمانە سووننەکان زۆر باشتر بوو بۆ پەیڕەوانی جوو و مەسیحی. بەپێچەوانەوە مامەڵەی موسڵمانە شیعەکان باشتر بوو بۆ پەیڕەوانی زەردەشتی(اتينجر، 2/17). پێدەچێت هۆیەکەش ئەوەبووبێت، کە ژینگەی دەرکەوتنی هەردوو ئایینی جوو و مەسیحی لە ئایینی ئیسلام نزیك و ژینگەی دەرکەوتنی ئایینزای شیعەش لە ئایینی زەردەشتی نزیك بێت.

**2-4: د. دۆخی دارایی و ئابووری ناوچەکە:** گەرمیان ناوچەیەکی دەوڵەمەند و پڕ داهات بووە، بەهۆی زەوی بەپیت و سەرچاوە ئاوی زۆر بوو(الاصطخری، ص119، أبن حوقل، 1/234، قەفتان، لل152-153). ئەوەش بەهۆی زێیەکانی (حلوان، تامەررا، سیروان، داقوق)، کە بە ناوچەی گەرمیاندا تێپەڕدەبوون و ناوچەکەیان تێرئاو کردبوو(ابن حوقل، 1/246-247، نەقشبەندی، لل40-42). هەروەها یارمەتی ئەوەشی دابوو، ببێتە خاوەنی ڕەز و باخی گەورە و جوان و بەرهەم کشتوکاڵی زۆر و جۆراوجۆر(ابن حوقل، 1/246-247، المقدسی، ص33)، وەك (ترێ، هەنار، هەنجیر). هەروەها خورماش داهاتێکی باشی ناوچەکە بوو(الاصطخری، ص188، أبن حوقل، 1/246، 2/368). کشتوکاڵیش پیشەی سەرەکی خەڵکی ناوچەکەو بەتایبەت گوندنشینان بوو. دوای ئەویش پیشەی ئاژەڵداری دەهات، وەك (گامێش، گا، مانگا، مەڕ، بزن)(حمید ریبوار، 1999، ص22، د.فائزة محمد عزت، صص53-54). کاری کێڵان و پاککردنەوەی زەوییەکانیش بە (گا، مانگا، گوێدرێژ) ئەنجام ئەدرا. دواتر بەرهەمەکان بە (ئێستر، گوێدرێژ) دەگوازرانەوە بۆ ماڵەکان یان عەمبارو بازاڕەکان(النجار، ص83، فائزة محمد عزت، ص75). (مەقدسی/380ك/990ز)ش وەك گەشتیارێکی عەرەبی و ئیسلامی سەرباری ئاماژەدان بە دەوڵەمەندی ناوچەکە لە بوونی ڕەز و باخ و سەرچاوەی ئاوی سازگار، باسی لەوەش کردووە، کە زۆرترین لۆکە لەو ناوچەیە بەرهەم هێنراوە(ص33).

ئەو بەرهەمانەشی لە ناوچەی گەرمیان بەرهەم دەهات، هەر لە بەرهەمی کشتوکاڵی، تا بە سامانی ئاژەڵ دەگات، ئەگەر لە گوندەکان بەرهەم بهێنرایە یان بەخێو بکرایە، دەبوا بهێنرێنە شارەکان و لەوێ لە بازاڕی شارەکان بفرۆشرێن. دیارە ئەوەش دوای دابینکردنی پێویستی خودی ئەو گوندانە. ئەمەو قەدەغەش بوو لەدەرەوەی شووڕای شارەکان ئەو بەرهەمانە بفرۆشرێن(سۆران بەها ئەحمەد، لل41-43).

سەرباری بەرهەمی کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵ، ناوچەکە خاوەنی کانی گرنگ بوو، لەوانە زێڕ(أبن حوقل، 2/272)و کبریت و شوشە(القزوينی، ص260)و بەردی گرانبەها بوو(أبن حوقل، 2/272). هەریەك لەوانیش بۆ کاری تایبەت بەکاردەهات، وەك (زێڕ) بۆ لێدانی سکەی پارەو جوانکاری ئافرەتان(أبن

حوقل، 372/2). کبریتیش بۆ سوتاندن و کاری پیشەوەران و شوشەش بۆ پێداویستی ناوماڵ و پەنجەرەی ماڵەکان. بەردی گرانبەهاش بۆ جوانکاری باڵەخانەکان و کاری بازرگانی.

باجیش داهاتێکی تری ناوچەکە و دوای کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دەهات. بڕی باجەکانیش لەسەر جۆ (2) درهەم، لەسەر گەنم (4) درهەم، لەسەر خورما (8) درهەم، لەسەر ترێ و هەنار (6) درهەم، دانرا. لەسەردەمی (حەجاج کوڕی یوسفی سەقەفی)ش باجەکان بۆ دوو هێندە زیادکرا(أبن حوقل، 246/1). بە حاڵەشەوە بڕی باج لە ناوچەی گەرمیان لە زۆر ناوچەی تر زیاتر بوو. وەك نمونە بڕی باجی هەر کورەیەکی ناوچەی موسڵ ساڵانە (200) درهەم بوو، لەکاتێکدا لەسەر کورەکانی گەرمیان بڕی (600) درهەم دانرا(المقدسی، ص308). ئەم باجانەش لەسەردەمی هەردوو دەسەڵاتی حەسنەوی و عەنازی کەم بوونەوە(نەقشبەندی، ل449). پێدەچێت ئەوەش بەهۆی چاکسازی میرەکانی ئەو (دوو) دەسەڵاتە و باشتربوونی داهات بووبێت.

مامەڵەی دارایی خەڵکەکەش لەپاڵ بەکارهێنانی (دینار و درهەم)ی دەوڵەتی خەلافەتی عەباسی، بە زێڕ و زیویش مامەڵە کراوە. زێڕیش لە زیو بەنرختر بووە(أبن حوقل، 372/2). یەك مسقاڵ زێڕیش بەرامبەر (400) درهەم بووە(الاصطخری، ص130). ئەمەش بەو واتایەی بەکارهێنەرانی زێڕ کەم بوون بەهۆی گرانی نرخەکەی. ئەمەو لە سەردەمی هەردوو دەسەڵاتی (حەسنەوی و عەنازی) سکەی پارە بەناوی میرەکانی ئەو (دوو) دەسەڵاتەوە لێدراوەو لە ناو سنووری دەسەڵاتی هەردوو دەسەلاتەکە و تەنانەت لەناو شاری (بەغداد)و دەوروبەریشی مامەڵەی پێوەدەکرا(ادم متز، 1957، 276/1، نەقشبەندی، لل236-241).

بەپێ ئامارێك داهاتی چەند مەڵبەندێکی ناوچەی گەرمیان، داهاتی شاری (دینەوەر) بۆ دەوڵەتی خەلافەتی ڕاشدی و لە سەردەمی خەلیفە (عومەری کوڕی خەتاب) نزیکەی (5700000) درهەم بووە(الیعقوبی، بلا، ص76). داهاتی ساڵانەی شاری (ماسبذان)یش نزیکەی (2500000) درهەم بوو(الیعقوبی، بلا، ص73). داهاتی ئەم ناوچەیە لەساڵانی دواتردا بەرزبوویەوە. وەك ئەوەی داهاتی ساڵانەی شاری (حولوان)و دەوروبەری لە سەردەمی خەلیفەی عەباسی (هارون ئەلرەشید) نزیکەی (4800000) درهەم بوو، لەکاتێکدا داهاتی هەموو ناوچەی شارەزوور نزیکەی (24000000) درهەم بوو(د.حسن ابراهیم حسن، 228/2)، بەڵام لە کۆتایی سەدەی سێیەمی کۆچی بەرامبەر بە سەدەی نۆیەمی زایینی، داهاتی شاری (حولوان)و دەوروبەری (900ملیۆن) درهەم بووە. لەکاتێکدا داهاتی ناوچەی شارەزوور (12000000) درهەم و داهاتی ناوچەی کوفە (5ملیۆن) درهەم بووە(د.حسن ابراهیم حسن، 300/3-301). ئەو ئامارانەش دەریدەخەن، کە ناوچەکە بەپیت و خاوەن داهاتی زۆر بووە.

لە ڕووی پێکهاتەی خانووەکانیش، کە ژیانی خێزانەکانی تێدابووە، زۆرینەیان یەك نهۆم و باڵەخانەیان زۆر نەبوو(ابن حوقل، 246/1-247). خانووەکانی بەری باکووری ناوچەکەش بە گەچ و بەرد و بەری باشووریشی قوڕ و بەرد دروستکرابوون، بەڵام دیوی دەرەوەو ناوەوە خانووەکان بە قوڕ سواغ درابوون(الاصطخری، صص118، أبن حوقل، 368/2-371).

**2-5- پیشەو و پیشەوەری لای خەڵکی ناوچەکە:** بە گەڕانەوە بۆ تۆماری گەشتیارانی عەرەبی و ئیسلامی، خەڵکی ناوچەکە چەندین جۆر پیشەیان هەبوو. وەك (دارتاشی، ئاسنگەری، بەرگدووری، جوڵایی)، تا بە ووشککردنەوەی میوەکان دەگات. تەنانەت میوە ووشکراوەکانیش دەنێردرایە بازاڕەکانی ناوچەکە و دەرەوە بۆ فرۆشتن(الادریسي، 670/4/1). باس لەوەش کراوە، کە ناوچەکە بە شیرمەنی بەناوبانگ بووەو پەنیرەکەشی بەتام بووە. تەنانەت خواردنی ژەمێکی ناوچەکە شیرەمەنی بووە وەك (ماست، پەنیر، کەرە)(الاصطخری، ص130، ابن حوقل، 373/2).

هەروەها پیشەیەکی تری هەندێك کەس لە ناوچەکە دەستگێڕی بوو، بەوەی کاڵاکانیان بەناو بازاڕو کوڵان و گەڕەکی شارەکان و گوندەکان دەگێڕا بۆ فرۆشتن(بدوی محمد فهد، 1967، 2ص73، د. فائزە محمد عزت، ص52). سیمایەکی تری خەڵکەکەش ئەوەبوو، کە توانای داهێنانیان لە پیشە و کارەکانیاندا هەبوو. واتە هەوڵیان ئەدا، خۆیان کار و پیشەکانی خۆیان ڕای بکەن(أبن الفقیه الهمدانی، 1996، 199/2). ئەمەو جگە لە پیشەی بازرگانی، کە پیشەی هەندێك کەسی خاوەن پارە بوو. ئەوانیش بازرگانیان بە زۆر بەرهەم و پیشەوە دەکرد، لەوانە (ئاژەڵ، خوێ، پەنیر)(أبن الفقیه الهمدانی، 25/2). لەم بوارەدا (حەمزە کوڕی حەبیبی زەیات) پەنیر و گوێزی لە شاری (حولوان) دەبردە شاری (کوفە)و لەوێشەوە ڕۆنی دەهێنا(أبن الندیم، 32/1). (موحەممەد کوڕی عەبدولمەلیك کوڕی زەیات)یش لە (دسکرە)وە ڕۆنی ئاژەڵیان دەبرد بۆ بەغداد، تا بیفرۆشێت. واتە بازرگانی بە ڕۆنەوە دەکرد(أبن الندیم، 136/1).

**2-6- پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ناوچەکە:** بەو پێیەی کۆمەڵگای کوردی لەو سەردەمەدا وەك پێکهاتەکانی تر، کۆمەڵگایەکی خێڵەکی و نیمچە کۆچەری بوون(صلاح الدین الناهی، 1955، ص4، د.فرست مرعی، ص111)، بۆیە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ناوچەکە لەسەر سیستەمی خێڵایەتی بەڕێوەدەچوو. ئەویش لەلایەن چەندین خێڵ و هۆز و بنەماڵەوە بەڕێوە دەبرا. ژمارەی خێڵەکانیش زیاتر بوون لە (21) خێڵ(فرهاد حاجی عبوش، 1998، ص191). لەنێو ئەوانیش (بەرزیکانی) لەشاری (دینەوەر و دەوروبەری)، (شازنجانی) لەشاری (حولوان و دەوروبەری)، (کەلهور) لە (دەرتەنگ، قەسری شیرین، حولوان)، (شمێران) لەبەری باکووری ناوچەکە(د.زرار صدیق توفیق، 2007، صص116-133) هەبوون. هۆزی (ڕۆژبەیانی)ش لە دەوروبەری (حولوان و دەرتنگ)(د.زرار صدیق توفیق، 2007، ص69)و خێلی (گۆران)یش هەر لە ناوچەی (حولوان)و دەوروبەری(المسعودی، 1981، ص94) هەبوون و بە خێلێکی ئازاو جوامێر و خاوەن هێزی چەکداری زۆر و تەنانەت خزمەتکاری زۆریش ناسرابوون(المقریزی، 1998، 405/3). (سنجانی)ش خێڵێکی ناوچەکە بوون(بورمکری، 1329هـ.ش، ص6). ئەم خێڵەش بە هەڵە لای (مەقریزی) بە (سرنجیە) هاتبوو (عبوش، ص192). هەروەها (گاوانی) لە کۆی ناوچەکەو لە دیارترین هۆزە نیشتەجێبووەکانی بوون(المسعودی، 1981، ص94). بۆ ماوەیەکیش ناوچەی خۆیان وەك دەسەڵاتێکی نیمچەسەربەخۆ بەڕێوەبرد(د.زرار صدیق توفیق، 1997، صص56-69). (خێڵی گەڵاڵی)ش لە (کەرکوك و داقوق) نیشتەجێبوون. شاری (داقوق)و دەوروبەریشی مەڵبەندێکی سەرەکی ئەوان بوو(أبن فضل الله العمری، 2001، 169/3-170، القلقشندی، 1987، 373/4، المقریزی، 1997 101/1، المقریزی، 1998، 128/2). هۆزی (بەشیری)ش لەشارەکانی (نەهرەوان و دسکرە)و دەوروبەری نیشتەجێبوون(القرطبی، 1998، صص127-128). خێڵی (پۆلاند)یش لە بەری خۆرهەڵاتی ناوچەکە بوون(د.زرار صدیق، 1997، ص29). (جابارق)یش لە شارەکانی (حولوان و خانەقین) هەبوون(أبن خرداذبە، ص27، د.زرار صدیق، 1997، صص50-51). خێڵی (باپیری)ش لە باکووری ناوچەکە بوون(القلقشندی، 1981، 374/4). ئەمان لە سەردەمی دەرکەوتنی دەوڵەتی ئەیوبی، کۆچیان بۆ شام و میسر کرد و پەیوەندییان بەو دەوڵەتەوە کرد. دواتریش خزمەتیان بە دەوڵەتی مەمالیك کرد(المقریزی، 1998،

101/1). بە بڕوای (میر شەفخانی بەدلیسی)ش ڕیشەی کوردی بۆ ئەم خێڵە ئەگەڕێتەوە(ص320). دیارە ئەگەرچی ئەم بۆچوونە جێگای گومانە، بەڵام ئەو ڕاستییەی تێدایە، کە مێژووی ئەو خێڵە کۆنەو زێدی یەکەمیشیان ناوچەی گەرمیان بووە ئەوەش کۆنی ناوچە دەردەخات.

لەڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیشەوە لە (دوو) چینی سەرەکی (تایبەت و گشتی) پێکهاتبوو(د.فائزة محمد عزت، ص37). چینی تایبەت لە (بنەماڵەی خێڵ و هۆز و تیرەکان، خاوەن موڵك، وەزیر، قازی، نووسەران، دادوەران، بازرگانان) پێکهاتبوون(الصابی، 1986، ص21، جرجی زیدان، 1982، 580/5، سودای عبد محمد، 1989، ص161)، بەڵام (پیشەوەر، کارسبکار، کرێکار، جوتیار، دەستگێرەکان)، لە چینی گشتی بوون(الصفدی، 1428هـ، ص14، عادل محی الدین الالوسی،1987، ص83). ژمارەی چینی گشتیش لە ژمارەی چینی تایبەت زیاتر بوون(الصابی، ص21، الصفدی، ص12، سوادی عبد محمد، 1989، ص161). دیارە بوونی زەوی کشتوکاڵی بەپیت و سامانی ئاژەڵی زۆر، زۆرینەی خەڵکی ناوچەکەی کردبووە جوتیار، بەڵام بەشە کەمەکەی، کە خاوەنی زەوییەکە بوون، بە خاوەن موڵك ناسرابوون(د.عبدالستار طاهر شریف، 1981، ص33). خاوەن موڵەکانیش لە میر و سەرۆکی (خێڵ، هۆز، تیرە، بنەماڵە) پیکهاتبوون. ژیانی ئەوانیش خۆش و زۆر جیاواز بوو لە ژیانی چینی گشتی(د.فائزە محمد عزت، ص25). هەروەها لە ناوچەکە جگە لە سەرۆکی (خێڵ، هۆز، تیرە، بنەماڵەکان)، چینێکی دەوڵەمەند هەبوون، کە لە هەندێك موڵکدار و بازرگان پێکهاتبوون(أبن فضل الله العمری، 170/3). ئەمانیش هەر لەسەر چینی تایبەت ئەژمارکرابوون، چونکە خاوەن دارایی و ژیانێکی خۆشبوون و لە میرو سەرۆکی خێڵ و هۆز و تیرە بنەماڵەکانەوە نزیك بوون(زیدان، 580/5).

. کاروباری ناوچەکەش لەژێر دەسەڵاتی سەرۆکی خێڵ یان هۆز و تیرە و بنەماڵەکاندا بوو، کە خاوەنی ئەو شوێنە بوون. واتە زەوی و داهاتی ناوچەکەش بۆ ئەوان دەگەڕایەوە(هادی رشید چاوشلی، 1970،، ص46). پێکهاتەیەکی ناوچەکە کۆچەرەکان بوون. ئەوانیش لە وەرزی هاوین دەچوونە کوێستانەکان و لە وەرزی پاییز دەگەڕانەوە بۆ گەرمیان. واتە لەگەڵ هاتنی وەرزی هاوین ناوچەکەی خۆیان بەجێدەهێشت ڕوویان دەکردە لاپاڵ چیاکان و تەنانەت دەرەوەی ناوچەی خۆشیان، تا لەوەڕی ئاژەڵەکانیان لە گژوگیای ناوچە شاخاوییەکان دابین بکەن(د. فائزة محمد عزت، صص72-88).

ئەمەو لەنێو کۆمەڵگای کوردی و لە پێکهاتەی چینایەتی ناوچەکە کۆیلە نەبوو(ا.شامیلوف، 1984، صص102-103). هەروەها هەر کەسێك دەیتوانی پلەکەی بگۆڕێت بەو مەرجەی دەستی بگاتە کارێك، یان پلەیەکی سیاسی یان کارگێڕی و سەربازی لەنێو دەسەڵاتە ناوخۆییەکان، یان ئەو هێزە دەرکیانەی دەستیان دەگەیشتە ناوچەکە. تەنانەت بەهۆی ئەو دۆخە سیاسیانەی بەسەر ناوچەکەدا هات پلە بەندی چەندین خێزان و بنەماڵەی گۆڕی(د.فائزة محمد عزت، صص19-21). واتە لە کەسانی ئاساییەوە بوونە سەرباز و فەرماندەو لە پیشەوەر و بازرگانب بچووکیشەوە بوونە، خاوەنی کاری باش و دیار.

لایەنێکی تری لایەنی کۆمەڵایەتی ناوچەکە ئەنجامدانی شایی و زەماوەند و کۆڕی ئاشتەوایی و یادکردنەوەی جەژن و بۆنەکان بوو. لەوانە جەژنەکانی (ڕەمەزان و قوربان) لای موسڵمانان(د.فائزة محمد عزت، صص152-156)و (جەژنی نەورۆز) لای پەیڕەوانی زەردەشتی(الصولی، ص142، الانصاري, 1998, صص365-366، النويري، بلا, 186/1-187، نوفل محمد نوري، 1996م، ص26). ئەمەو تا بە بۆنەو یادەکانی پەیڕەوە ئایینییەکانی تر دەگات. لە هەریەك لەو جەژن و بۆنانەش سەرباری دروستکردنی خواردن و ئامادەکردنی خواردنەوەکانی وەك (ئاو، شەربەت)، شیرینیش دەبەخشرایەوە(البیهقی، 1970، ص267، ریبوار، ص126-127، د.فائزە محمد عزت، ص190).

لەکاتی زەماوەند و پرۆسەی هاوسەرگیری لە گوند و شارەکان، کە تێدا، جگە لە ئامادەکردنی خواردن، بە زوڕنا و تەپڵ وەك دوو ئامێری مۆسیقا کۆڕی شایی و هەڵپەڕکێ گەرم دەکرا هەروەها گۆرانی کوردی دەوتراو شایی و هەڵپەڕکێی کوردی ئەنجام ئەدرا. هەروەها بە لێدانی تەپڵ و زوڕناش، وەك (دوو) ئامێر موسیقا لە ناوچەکە(البیهقی، ص267، ریبوار، ص126-127، د.فائزة محمد عزت، صص158-162، ص190، سۆران بەها ئەحمەد، لل226-227). لە کۆڕی زیکری سۆفیاندا سەرباربب ئامادەکردنی خواردن و خواردنەوەکان، دەف لێئەدرائەکرا(سۆران بەها ئەحمەد، ل233).

جیاواز لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیمای خەڵکەکەی، گەرمیانییەکان بە بەخشندەیی و میواندۆستی ناسرابوون(أبن الفقیە الهمدانی، 199/2، أبن حوقل، 234/1). وەك زۆرێك لە ناوچەکانی تری سەردەمەکەش، سیستەمی باوکسالاری زاڵبوو، وە پیاوان خاوەنی خێزان و گەورەو بڕیاربەدەستی ماڵ و خێزانەکانیان بوون. هەر ئەوانیش مافی هێنانی هاوسەر بۆ کوڕەکانیان و بەشوودانی کچەکانیان هەبوو. کچەکانیشیان بە بێگانە و دەرەوەی ناوچەی خۆیان نەداوەو کچیشیان لە دەرەوەی خۆیان نەخواستووە. واتە هاوسەرگیری لەنێوان خۆیاندا بووە(أبن حوقل، 246/1، القزوینی، ص260، سۆران بەها ئەحمەد، ل225، هیوا مەلا حەسەن، لل66-67). ئەمەو خەتەنەکردنی کچانیش نەبوو، بەڵام بۆ کوڕان ئەو کارە کراوە(سۆران بەها ئەحمەد، ل225).

**2-7: زمان و خوێندن و خوێنەواری لای خەڵکی ناوچەکە:** بە گشتی خەڵکی ناوچەکە حەزیان بۆ فێربوون و خوینەواری زۆر هەبووە(أبن الفقیە الهمدانی، 199/2، المقدسی، ص33). وەك ئەوەی لەنێو هۆزی گۆران کەسانی زۆر خوێنەوار و ئەدیب و شاعیر دەرکەوتن(المقریزی، 1997، 128/2، 2001، 199/2). خوێندنیش لە خوێندنی ئایینی و لە ناوەندە ئایینییەکان و پەرستگاکان سنووردار کرابوو، زمانی خوێندنی موسڵمانیش عەرەبی(د.فائزە محمد عزت، ص217، نەقشبەندی، ل482)و زمانی گفتوگۆ و خوێندنی پەیڕەوانی جوو (عیبری)و پەیڕەوانی مەسیحی (ئارامی) بوو(باسیل نیکیتین، 2007، ص371). موغەکانی زەردەشتیش بە زمانی پەهلەوی قسەیان دەکرد(أبن الندیم، 14/1-15). هاوزمانی جوو و مەسیحییەکانیش وایکرد بەشێك لە جووەکان بچنە سەر ئایینی مەسیحی(اریك براون، 2009، ص66).

دیارە حەز بۆ خوێندن و خوێنەواریش وایکرد، چەندین زانای دیار لەو ناوچەیە دەربکەون و ناوچەکە ببێتە خاوەنی چەندین زاناو قورئان خوێن و ئەدەیب و شاعیری دیاری هەبووە(المقدسی، ص125، نەقشبەندی، ل483-495). لەوانە (ئەبوعەبدوڵڵا حوسێن کوڕی ئیبراهیمی گۆرانی/543ك-1148ز) زانایەکی ڕێبازی حەنەفی و خاوەنی چەندین کتێبی فیقهی ئایینی بووە(الذهبی، 1986، 15/16-17). هەروەها (ئەبوعەبدولمونعم موحەممەد کوڕی موحەممەدی داقۆقی/646ك/1248ز) زانایەکی ئایینی سەردەمی خۆی بوو(الزبیدي، 1971، 347/6، الروزبیانی، 1999، صص29-30). (ئەبوعەلی حوسێن کوڕی عەبدوڵلا کوڕی یەحیای بەندنیجی/425ك/1024ز) قازییەکی ناسراوی سەردەمەکە بوو(الخطیب البغدادی، بلا، 62/14، الروزبیانی، 1999، ص133).

**2-8: نەخۆشی و تەندروستی خەڵکی ناوچەکە:** سەبارەت بە دۆخی تەندروستی خەڵکی ناوچەکە ئەوەندە زانراوە، کە لەو قۆناغە مێژووییە و لەسەرجەم ناوچەکەدا یەك بنکە و مەڵبەندی تەندروستی نەبوو(أبن الفوطی، 1995، 2/496-497)، بەڵکو ئەوەی چارەسەری نەخۆشی خەڵکی دەکرد، کەسانێك بوون، کە بە (حەکیم) ناسرابوون و ماڵی ئەوانیش وەك نەخۆشخانە یان بنکەی تەندروشتی وابوو(فائزة محمد عزت، صص69). جارێك لەو سەردەمانەی دەسەڵات بەدەست سەرۆك خێڵ و سەرۆك هۆزەکانی ناوچەکە نەبوو، بەهۆی پەراوێزخستنی ناوچەکە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئومەوی یان عەباسی، هۆکاری دەرکەوتن و بڵاوبونەوەی چەندین نەخۆشی و پەتا بوون، لەوانە پەتای تاعون، کە لەساڵی (49ك/669ز) لە شاری (کوفە) بڵاوبووبەوەو گەیشتە ناوچەکەو زیانی زۆری بە خەڵکەکەی گەیاند(المسعودی، 2001، 3/29). هەروەها لەساڵی (743ك/1348ز) پەتایەکی تری تاعون لە بەری خۆرهەڵاتەوە گەیشتە ناوچەکە و زیانی پێگەیاند(المقریزی، 1997، 4/81-82).

**2-9: کارەساتی سروشتی:** بە درێژایی ئەو سەردەمە، هەموو ساڵەکانی ئەو قۆناغە مێژووییە بێ کێشە و گرفتی ئابووری تێنپەڕی و ساڵانە ناوچەکە خاوەن بەرهەم و داهاتی باش نەبوو، بەڵکو لە چەندین ماوەدا کارەساتی سروشتی وەك  ووشکە ساڵی و قات و قڕی، روویان لە ناوچەکە کرد و و بومەلەرزەش ڕوویدا. بەوەش زیانی بە بەرووبوومی کشتوکاڵی و سامانی ئاژەڵی ناوچەکە گەیاند. یەکەم ووشکە ساڵیش لەم قۆناغە مێژووییە، کەوتە ساڵی (18ك/639ز)، لەسەرووبەندی هاتنی سوپای موسڵمانەکان بۆ ناوچەکە. ئەوەش زیانی بە ناوچەکەو دانیشتوانەکەی گەیاند(أبن کثیر، 5/177).

هەروەها ڕوودانی بومەلەرزەش لەساڵەکانی (508ك/1114ز)، (534ك/1138ز)، (565ك/1155ز)، (597ك/1200ز)دا زیانیان بە ناوچەکە گەیاند، بەڵام ئاستی زیانەکان نەزانراوە(د.مەهدی عوسمان هروتی، 2015، ل364)، چونکە زیانەکان لەکاتی خۆیدا تۆمار نەکران. هەروەها ووشکە ساڵیش لەنێوان ساڵانی (511-512ك/1117-1118ز)، (534ك/1139ز)، (548ك/1153ز)، (574-575ك/1178-1179ز), ڕووبەڕووی ناوچەکە بوویەوە. ئەوەش زیانی بە زەوببە کشتوکاڵییەکان و سامانی ئاژەڵ گەیاند و برسییەتی و کەمی ئازوخە تەنگی بە زۆرینەی خەڵکەکەی هەڵچنی(ابن المستوفي, 1980, /212, ابو شامة, 2002، 3/12, زرین کوب, 2/517, هروتی, ل364). هاتنی هێرشی کوللەش بۆ سەر زەوی و کێڵگە کشتوکاڵییەکان لەساڵانی (546-547ك/1151-1152ز), زیان بە داهاتی ناوچەکە گەیاند، بەتایبەت گەنم و جۆکەی(المقریزي، 1997, 1/335).

ساڵی (600ك/1203ز) بومەلەرزەیەکی دیکە لە ناوچەکەیدا و زیانی بە چەندین گوند و ئاوەدانی گەیاند(ابن الفرات، 1970، 5/15-17، المقریزی، 1997، 1/276). لەساڵی (743ك/1342ز) باران زۆر کەم باری و ووشکە ساڵی ناوچەکەی گرتەوەو زیانی بە دانیشتوانەکەی گەیاند، تا ئەوەی نرخی یەك نان گەیشتە (8) درهەم، کە ئەوەش بەهەموو کەس نەدەکڕا(المقریزی، 1997، 3/379). هەموو ئەو ڕووداوانەش کاریگەری خراپیان لەسەر دۆخی خەڵك و بەرپرسەکانی و تەنانەت دەسەڵاتدارە کوردییەکانیش بەجێهێشت و دووچاری ئاستەنگی ئابووری و کۆمەڵایەتی کردن.

## ئەنجام

لە کۆی ئەم توێژینەوەیەی خوارەوە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

**یەکەم:** گەرمیان ناوچەیەکی گرنگ و مێژوویی کوردستان و مەڵبەندێکی زۆرینە کوردنشینی سەدەکانی ناوەڕاست و ناوچەیەکی ئاوەدان و بایەخدار بووە، بۆیە سەرنجی زۆرینەی گەشتیارانی عەرەبی و ئیسلامی کەوتۆتەسەر.

**دووەم:** بەهۆی ئەوەی ناوچەکە کەوتبووە ئەوپەڕی باشووری خاکی کوردستان و نزیك بوو لە شاری (تەیسەفون)ی پایتەختی ئیمپراتۆری ساسانی، بۆیە بووە یەکەمین وێستگەی پێکدادانی سوپای عەرەبە موسڵمانەکان لەگەڵ سوپای ئیمپراتۆریی ساسانی. ئەو پێکدادانەش کەوتە شاری (جەلەولا) لەساڵی (16ك/637ز).

**سێیەم:** بەهۆی دەستبەرسەراگرتنی ناوچەی گەرمیان لەلایەن سوپای موسڵمانەکانەوە، کاری گەیشتنی ئەوانی بە ناوچەکانی تری کوردستان و تەنانەت خاکی ئێران ئاسان کرد.

**چوارەم:** ناوچەکە بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست لەنێوان هەردوو هەرێمی ئێراق و چیا، دابەشکرا. بەشێکی سەر بە هەرێمی ئێراق و بەشەکەی تری سەر بە هەرێمی چیا بوو.

**پێنجەم:** بەهۆی بوونی سەرچاوەی ئاوی باش و تێپەڕبوونی رووبار و زێیەکانی (حولوان، تامەررا، سیروان، داقوق) بە ناوچەکەو بوونی زەوی بەپیت و ئاو و هەوای سازگار، بووە خاوەنی ڕەز و باخی گەورە و داهاتی زۆری بەروبوومی میوەی وەك (هەنار، هەنجیر، ترێ)و تەنانەت خورماش. ئەمەو جگە لە بەروبوومی شیرمەنی. بە ئاستێك پەنیری ناوچەکە ناوبانگێکی تایبەتی هەبوو.

**شەشەم:** ناوچەکە سەرباری ئەوەی پێش هاتنی سوپای موسڵمانەکان ناوچەیەکی کوردنشین بوو، بەڵام دوای ئەو ڕووداوە بووە شوێنی نیشتەجێبوون پێکهاتەکانی (عەرەب، فارس، تورك، تورکمان).

**حەوتەم:** لە ناوچەکە پەیرەوانی چەندین ئایین و ئایینزاو و ڕێبازی ئایینی جیاجیا هەبوون. وەك ئەوەی لەپاڵ پەیرەوانی ئایینی ئیسلام، پەیرەوانی (زەردەشتی، جوو، مەسیحی، مانی، مەزدەك)، هەروەها (ئایینی کاکەیی)و ئایینزاکانی (شیعە و سوونننە)و ڕێبازی سۆفیگەریش هەبوون.

**هەشتەم:** ناوچەکە مەڵبەندی (سێ) دەسەڵاتی کوردی بووە، ئەوانیش دەسەڵاتەکانی (حەسنەوی، عەنازی، شاهینی). پایتەختی دەسەڵاتی حەسنەوییەکان شاری (دینەوەر)و پایتەختی عەنازییەکان شاری (حولوان)و پایتەختی شاهینییەکانیش شاری (مەندەلی) بوو.

**نۆیەم:** بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست و بەتایبەت دوای دەرکەوتنی دەوڵەتی خەلافەتی عەباسی و گواستنەوەی پایتەخت لە شاری (دیمەشق) بۆ شاری (بەغداد)، بایەخی ناوچەکە زیاتر بوو، بەهۆی نزیکی لێوەی. تەنانەت ئەو هێزە دەرەکییانەشی ئامانجیان داگیرکردنی شاری (بەغداد)و دەست گرتنیان بوو بەسەر دەوڵەتی خەلافەتی عەباسیدا وەك (بووەیهییەکان، سەلجوقییەکان، ئێلخانیانی مەغۆل) لەم ناوچەیەوە توانیان دەست بگرن بەسەر شاری (بەغداد)و دەوڵەتی خەلافەتی عەباسیدا.

## سەرچاوەکان


1.قورئان: کتێبی پیرۆزی ئایینی ئیسلام.

2. أبن الأثير، أبي الحسن بن أبي كرم محمد بن عبدالكريم الجزري/(630هـ/1232م)

3. الكامل في التاريخ، تحقيق: ابى الفداء عبدالله القاضي، الطبعة الرابعة، دار الكتب العلمية-بيروت، لبنان، 2003م.

الادريسي، أبو عبدالله محمد بن محمد بن عبدالله بن أدريس الحمودي الحسني/(560هـ/1165م)
4. نزهة المشتاق في أختراق الافاق، الطبعة الاولى، مكتبة الثقافة الدينية-القاهرة، 2002م.
الازدي، الشيخ زكريا يزيد بن محمد/(334هـ/945م)
5. تاريخ الموصل, تحقيق: أحمد عبدالله محمد, الطبعة الاولى, دار الكتب العلمية-بيروت, 2006م.
ألأصطخري، أبو اسحاق أبراهيم بن محمد الفارسي/ (340هـ/951م)
6. المسالك و الممالك، تحقيق: د. محمد جابر عبدالعال الحيني، مراجعة: محمد شفيق غربال، الطبعة الاولى، طبعة وزارة الثقافة و الأرشاد القومي-الأدارة العامة للثقافة، القاهرة، 1961م.
7. الانصاري، شمس الدين أبي عبدالله محمد بن أبي طالب الانصاري الدمشقي/(727هـ/1326م)
8. نخبة الدهر في عجائب البر والبحر، الطبعة الثانية، دار أحياء الترث العربي-بيروت، لبنان، 1998م.
البدليسي، الامير شرفخان/ (1009هـ/1603م)
9. الشرفنامة، ترجمة: جميل الملا أحمد الروزبياني، الطبعة الثانية، مؤسسة موكرياني للبطاعة و النشر-مطبعة وزارة التربية، أربيل، 2001م.
ابن بطوطة، محمد بن بطوطة/ (779هـ/1377م)
10. تحفة النظار في غرائب الأمصار و عجائب الأصفار، الطبعة الاولى، دار الشروق العربي-بيروت، بلا.
البغدادي، عبدالقاهر بن طاهر بن محمد/
11. الفرق بين الفرق، الطبعة الثانية, دار الافاق الجديدة-بيروت, 1991م.
البكري، ابي عبيد عبدالله بن عبدالعزيز بن محمد/ (487هـ/1094م)
12. ما أستعجم من أسماء البلاد والمواضيع المعروف ب(المسالك والممالك)، حققه و وضع فهارسه: د. جمال طلبه، دار الكتب العلمية-بيروت،1998م.
البلاذري، أبوالحسن احمد بن يحيى بن جابر/ (279هـ/892م)
13. أنساب وألاشراف, تحقيق: دي غويني, الطبعة الاولى, القدس, 1936م.
14. البلدان (فتوحها و أحكامها)، الطبعة الاولى، شركة ابناء الشريف الانصاري للطباعة والنشر والتوزيع-بيروت، 2008م.
البيهقي, الشيخ ابراهيم بن محمد/470هـ/1077م)
15. المحاسن والمساوي, الطبعة الاولى, بيروت, 1970م.
التطيلي, بنيامين, الرابي بنيامين بن الرابي التطيلي الاسباني اليهودي/569هـ/1174م)
16. رحلة بنيامين التطيلي, ترجمة: عزرا حداد, الطبعة الاولى, المجمع الثقافي أبوظبي-ابوظبي, 2002م.
أبن الجوزي, ابو الفرج عبدالرحمن بن علي بن محمد/597هـ/م)
17. المنتظم, تحقيق: محمد مرسي الخولي, الطبعة الاولى, القاهرة, 1970م.
الحميري، محمد بن عبدالمنعم/ (900هـ/1494م)
18. الروض المعطار في خبر الاقطار، تحقيق: أحسان عباس، الطبعة الثانية، مؤسسة ناصر للثقافة- -بيروت، 1980م.
ابن حوقل، أبو القاسم محمد بن على/ (367هـ/977م)
19. المسالك والممالك أو صورة الارض، الطبعة الاولى، منشورات دار مكتبة الحياة- بيروت، 1979م.
أبن جبير، أبو الحسن محمد بن أحمد بن جبير الكتاني الأندلسى/(614هـ/1217م)
20. رحلة أبن جبير، الطبعة الاولى، ليدن, 1852م.
ابن خرداذبه، أبي القاسم عبيدالله بن خرداذبه/ (300هـ-912م)
21. المسالك والممالك، الطبعة الاولى، دار أحياق التراث العربى-بيروت، 1988م.
الخطيب البغدادي, الحافظ ابي بكر احمد بن علي/(463هـ/م)
22. تاريخ بغداد أو مدينة السلام, دراسة و تحقيق: مصطفى عبدالقادر عطا, الطبعة الاولى, دار الكتب العلمية-بيروت, بلا.
ابودلف الخزرجي، مسعر بن مهلهل/ (390هـ/1000م)
23. الرسالة الثانية، دراسة و تحقيق: د. حسام الدين على غالب النقشبندى، الطبعة الاولى، مؤسسة زين، مطبعه شفان-السليمانيه، 2012م.
الدينوري، ابوحنيفه احمد بن داود/ (282هـ/894م)
24. الاخبار الطوال، قدم له و وثق نصوصه و وضح حواشيه: د.عصام محمد الحاج علي، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية-بيروت، 2001م.
الذهبي، محمد بن احمد بن عثمان/(748هـ/1374م)
25. سير الاعلام والنبلاء، اشرف على تحقيق الكتاب وخرج احاديثه: شعيب الارناؤوط، الطبعة الرابعة، مؤسسة الرسالة-بيروت، لبنان، 1986م.
أبن رسته، أبو على أحمد بن عمر / (290هـ/903م)
26. الاعلاق النفيسة أو كتاب البلدان, الطبعة الاولى, بريل-ليدن, 1891م..
الزبيدي, محمد مرتضى بن محمد الحسيني/1205هـ/م)
27. تاج العروس من جواهر القاموس, أعتنى به و وضع حواشيه: د.عبدالمنعم خليل ابراهيم و كريم سيد محمد محمود, الطبعة الاولى, دار الكتب العلمية-بيروت, 1971م.
28. ابو شامه, عبدالرحمن بن اسماعيل بن ابراهيم بن عثمان/(665هـ/1267م)
29. الروضتين في اخبار الدولتين النورية والصلاحية, وضع حواشيه وعلق عليه: ابراهيم شمس الدين, الطبعة الاولى, منشورات محمد علي بيضون-دار الكتب العلمية, بيروت-لبنان, 2002م.
أبن شداد، عزالدين محمد بن ابراهيم/(684هـ/1285م)
30. الاعلاق الخطيرة في ذكر امراء الشام و الجزيرة، تحقيق: يحيى زكريا عبارة، الطبعة الاولى، منشورات وزارة الثقافة و الارشاد القومي-دمشق، سورية، 1978م.
الصابي، ابوالحسين هلال بن محسن بن ابراهيم/(448هـ/1056م)
31. رسوم دار الخلافة, تحقيق: ميخائيل عواد, الطبعة الثانية, مركز الرائد العربي-بيروت, لبنان, 1986م.
الصفدي, صلاح الدين أبوالصفاء خليل بن ايبك بن عبدالله/(764هـ/1363م)
32. نكت الهميان في نكت العميان, تحقيق: مصطفى عبدالقادر عطا, الطبعة الاولى, دار الكتب العلمية-بيروت, لبنان, 1428هـ.
الطبري، ابي جعفر محمد بن جرير/
33. تاريخ الطبري، تحقيق: مصطفى السيد و طارق سالم، الطبعة الاولى، المكتبة التوفيقية-القاهرة-مصر، بلا.
ابوالفداء, عماد الدين أسماعيل بن محمد بن عمر بن شاهنشاه/(732هـ/م)
34. تقويم البلدان, الطبعة الثالثة, دار صادر-بيروت, بلا.
أبن فضل الله العمري، شهاب الدين أحمد بن يحيى/ (749هـ/1349م)
35. مسالك الابصار في ممالك الابصار، تحقيق: محمد عبدالقادر خريسات و عصام مصطفى هزايمة و يوسف احمد ياسين، الطبعة الاولى، مركز زايد للتراث والتاريخ-دبي، 2001م.

أبن الفوطي، كمال الدين أبو الفضل عبدالرزاق بن أحمد الشيباني/(723هـ/1323م)
36. مجمع الاداب في معجم الالقاب, تحقيق: محمد الكاظم, الطبعة الاولى, وزارة الثقافة والارشاد الاسلامي-طهران, 1995م.
ابوالفداء، عماد الدين أسماعيل بن علي بن محمود بن محمد بن عمر بن شاهنشاه بن ايوب/ (732هـ/1331م)
37. تقويم البلدان، الطبعة الاولى، باريس، 1840م.
أبن الفرات, ناصرالدين محمد بن أبراهيم/(807هـ/1404م)
38. تأريخ أبن الفرات, تحقيق: حسن محمد الشماع, الطبعة الاولى, دار الطباعة الحديثة-البصرة, 1970م.
أبن الفقيه الهمداني، أبوبكر شهاب الدين احمد بن محمد بن أسحاق بن ابراهيم الاخبارى/ (330هـ/952م)
39. كتاب البلدان، تحقيق: يوسف الهادى، الطبعة الاولى، عالك الكتب-بيروت، 1996م.
القرطبى، عريب بن سعيد/(366هـ/977م)
40. صلة التاريخ الطبري, الطبعة الاولى, دار المعارف-القاهرة, 1982م.
القزويني، زكريا بن محمد بن محمود/ (683هـ/1283م)
41. أثار البلاد وأخبار العباد، الطبعة الثالثة، دار صادر-بيروت، 2011م.
القلقشندي، أبوالعباس أحمد بن علي (821هـ/1418م)
42. صبح الاعشى في صناعة الانشاء، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية-بيروت, 1981م.
ابن كثير، أبوالفداء عمادالدين اسماعيل بن عمر بن كثير القرشي/(774هـ/1372م)
43. البداية و النهاية في التاريخ، تحقيق و تعليق: صدقي جيمل العطار، الطبعة الاولى، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع-بيروت، 2008م.
الماوردي، أبو الحسن علي بن محمد بن حبيب/(450هـ/1058م )
44. نصيحة الملوك، تحقيق: خضر محمد خضر، الطبعة الاولى، مكتبة الفلاح-القاهرة، مصر، بلا.
أبن المستوفي, مبارك بن احمد شرف الدين اللخمي/(637هـ/1239م)
45. نباهة البلد الخامل بما ورد من الاماثل-تاريخ اربل, تحقيق: سامي بن السيد خماس الصقار, الطبعة الاولى, منشورات وزرارة االثقافة والاعلام-دار الرشيد, بغداد, 1980م.
المسعودي، ابو الحسن علي بن الحسين/ (345هـ/956م)
46. التنبيه والاشراف, الطبعة الاولى, دار مكتبة الهلال-بيروت, 1981م.
47. مروج الذهب و معادن الجوهر، قدم له و وثق نصوصه و وضع حواشيه: الدكتور عصام محمد الحاج علي، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية-بيروت، 2001م.
مسكويه، أبو على محمد بن أحمد بن يعقوب/
48. تجارب الامم و تعاقب الهمم، حققة و قدم لة: د. ابوالقاسم امامي، دار سروش للطباعة والنشر-طهران, 1379هـ.ش.
المقدسي، أبو عبدلله شمس الدين محمد بن أحمد/ (375هـ/985م)
49. أحسن تقاسيم في معرفة الأقاليم، الطبعة الثانية، مطبعة بريل-ليدن، 1909م.
المقريزي، تقي الدين احمد بن علي/ (845هـ/1441م)
50. السلوك لمعرفة دول الملوك، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية-بيروت، 1997م.
51. المواعظ والاعتبار بذكر الخطط والاثارالمعروفب(الخطط المقريزي), تحقيقو وضع حواشيه: خليل المنصور, الطبعة الاولى, دار الكتب العلمية-بيروت, 1998م.
المناوى، زين الدين محمد بن عبدالرؤوف/(1031هـ/م)
52. طبقات الصوفية الكواكب الدرية في تراجم السادة الصوفية, تحقيق: محمد اديب الجادر, الطبعة الاولى, دار صادر-بيروت, بلا.
مؤلف مجهول/
53. العيون الحدائق في أخبار الحائق، الطبعة الاولى، مطبعة بريل-ليدن، هولندا، 1869م.
أبن النديم, أبي الفرج محمد بن أسحاق بن محمد/(334هـ/994م)(334هـ/994م)
54. الفهرست, تحقيق: رضا تجدد بن علي بن زين العابدين المازندراني, الطبعة الثالثة, دار المسيرة-بيروت, 1988م.
النويري، شهاب الدين أحمد بن عبدالوهاب/(732هـ/1332م)
55. نهاية الارب في فنون الادب، الطبعة الاولى، دار الكتب-القاهرة، بلا.
ياقوت الحموي، أبي عبدالله ياقوت بن عبدالله الرومي/ (636هـ/1228م)
56. معجم البلدان، تحقيق: محمد عبدالرحمن المرعشلي، الطبعة الاولى، دار التراث للاحياء العربي- بيروت، 2008م.
اليعقوبي، اليعقوبي، احمد بن ابي يعقوب/ (292هـ/904م)
57. البلدان، وضح حواشيه: محمد أمين ضناوي، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية-بيروت، 2002م.
58. تاريخ العيقوبي، علق عليه و وضح حواشيه: خليل المنصور، الطبعة الاولى، مطبعت شريعت-قم، 1425هـ.ق.
59. د. احمد محمود الخليل/
60. تاريخ الكرد في العهود الاسلامية، الطبعة الاولى، دار اراس للطباعة و النشر-اربيل، 2013م.
الالوسي، عادل محي الدين/
61. الرأي العام في القرن الثالث الهجري, الطبعة الاولى, مطبعة افاق العربية-بغداد, 1987م.
بابان، جمال/
62. أصول اسماء المدن والموقع العراقية، الطبعة الثانية، مطبعة الاجيال-بغداد، 1989م.
بدوي محمد فهد/
63. العامة في بغداد في القرن الخامس الهجري, الطبعة الاولى, مطبعة الارشاد-بغداد, 1967م.
براون, ادوارد/
64. تاريخ الادب في ايران, ترجمة: أحمد كمال الدين, الطبعة الاولى, الكويت, 1984م.
براون, اريك و رافائيل باتاي/
65. يهود كردستان, ترجمة: شاخوان كركوكي و عبدالرزاق بوتاني, الطبعة الاولى, دار اراس-بيروت, 2009م.
بروكلمان, كارل/
66. تاريخ الشعوب الاسلامية, ترجمة: بنيه فارس و منير البعلبكي, الطبعة الخامسة, دار العلم للملايين-بيروت, 1968م.
تينجر صوئيل/
67. اليهود في البلدان الاسلامية(1850-1950), ترجمة: جمال احمد الرفاعي, الطبعة الاولى, عالم المعرفة-الكويت, 1995م.
الجاف، د. حسن كريم/

68. الوجيز في تاريخ ايران-دراسة في تاريخ السياسي من التاريخ الاسطوري الى نهاية الطاهرين، الطبعة الثانية، منشورات اراس-اربيل، 2008م.
الجاوشلي, هادي رشيد/
69. الحياة الاجتماعية في كردستان, الطبعة الاولى, مطبعة الجاحظ-بغداد, 1970م.
جوزي, بندلى/
70. من تاريخ الحركات الفكرية في الاسلام، دراسة و تحقيق: د. محمود اسماعيل: الحركات السرية في الاسلام، الطبعة الاولى دار الرؤية للنشر التوزيع-القاهرة، 2006م.
د.حسن أبراهيم حسن/
71. تأريخ الاسلام السياسي (السياسي والديني والثقافي والاجتماعي)، الطبعة الخامسة عشر، مكتبة النهضة المصرية-القاهرة، 2001م.
الحسني, عبدالرزاق/
72. العراق قديما و حديثا, الطبعة الاولى, مطبعة العرفان, صيدا, 1958م.
خوشناو، د. حكيم أحمد/
73. الكورد و بلادهم عند البلدانيين و الرحالة المسلمين (232-626هـ/848-1229)، الطبعة الاولى، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزيع-دمشق، 2009م.
الروزبياني, محمد جميل بندى/
74. مدن الكردية قديمة (تأريخها، جغرافيتها، رجالها، علماؤها، أدبائها)، الطبعة الأولى، مطبعة هەوال، السليمانية، 1999م.
ريبوار، حميد/
75. الكورد في دائرة المعارف الاسلامية, الطبعة الاولى, بيروت, 1999م,
د.زرار صديق توفيق/
76. القبائل والزعامات الكردية في العصر الوسيط، الطبعة الاولى، مؤسسة موكريانى للبحوث و النشر-أربيل، 2007م.
سوادى عبد محمد/
77. الاحوال الاجتماعية والاقتصادية في الجزيرة الفراتية خلال القرن (6هـ/12م), الطبعة الاولى, بغداد, 1989م.
شاميلوف، ا/
78. حول مسألة الاقطاع بين الكرد، ترجمه وقدم له و علق عليه: د. كمال مظهر احمد, الطبعة الثانية, مطبعة الحوادث-بغداد, 1984م.
الطالباني, مكرم/
79. ابراهيم خان ثائر من كردستان, الطبعة الاولى, مطبعة أسعد-بغداد, 1971م.
طقوش، د.محمد سهيل/
80. التاريخ الاسلامي الوجيز، الطبعة الخامسة، دار النفائس للطباعة و النشر و التوزيع-بيروت، 2011م.
طهبوب، صلاح/
81. العصر الاموي، الطبعة الاولى، دار اسامة للنشر و التوزيع-عمان، 2009م.
العبدلي, د.تهامي/
82. الاسلام والاكراد, الطبعة الاولى, دار الطليعة للطباعة والنشر-بيروت, 2007م.
د. عبدالستار طاهر شريف/
83. المجتمع الكردى-دراسة أجتماعية ثقافية سياسية، الطبعة الاولى، بغداد، 1981م.
عبدالعزيز سليمان نوار/
84. العلاقات العراق، الايرانية، دراسة في دبلوماسية المؤتمرات-مؤتمر ارضروم (1843-1844، الطبعة الاولى, دار الفكر العربى-القاهرة، 1974م.
عبوش، فرهاد حاجى/
85. الكرد فى مؤلفات المقريزى التأريخية-دراسة تحليلية، الطبعة الاولى، مطبعه سبيريز-دهوك، 2011م.
العزاوى، المحامى عباس/
86. موسوعة عشائر العراق القديمة والبدوية والحاضرة, الطبعة الثانية, دار الموسوعات العربية-بغداد, 2005م,
العزيز، حسين قاسم/
87. البابكية، الطبعة الاولى، دار النهضة، بغداد، 1966م.
علبي, احمد/
88. العهد السري للدعوة العباسية او من الامويين الي العباسيين، الطبعة الاولي، دار الفارابي-بيروت، لبنان، 1988م.
فائزه محمود عزت/
89. الحياة الاجتماعية للكورد بين القرنين (4-9هـ/10-15م), الطبعة الاولى, مطبعة الحاج هاشم-أربيل, 2009م.
فرست مرعي/
90. الفتح الاسلامي لكردستان، الطبعة الاولى، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزيع-دمشق، 2011م.
فروخ، عمر/
91. تاريخ صدر الاسلام و الدولة الاموية، الطبعة الرابعة، دار العلم للملايين-بيروت، لبنان، 1979م.
قادر محمد حسن/
92. الامارات الكوردية في العهد البويهي-دراسة في علاقات السياسية والاقتصادية (334-447هـ/945-1055م), الطبعة الاولى, مطبعة رۆژهەلات—اربيل، 2011م.
متز. ادم/
93. الحضارة الاسلامية في القرن الرابع الهجري, ترجمة: محمد عبدالهادي أبوريدة, مطبعة لجنة التأليف والترجمة والنشر-القاهرة, 1957.
مرجونة, ابراهيم محمد علي/
94. تاريخ الاكراد-دراسة تاريخية حضارية في ظل الخلافة العباسية, الطبعة الاولى, مؤسسة شباب الجامعة الاسكندرية-أسكندرية, 2010م.
ميجرسون, ميرزا حسين غلام/
95. رحلة متنكرة الى بلاد مابين النهرين و كردستان, ترجمة: فؤاد جميل, الطبعة الاولى, مطبعة تايمس-بغداد, 1970م.
الناهي, صلاح الدين/
96. مقدمة في الاقطاع والنظام الاراضي في العراق, الطبعة الاولى, بغداد, 1955م.
النجار, مصطفى احمد/
97. شرفخان البدليسي و منهج التأريخي خلال كتاب الشرفنامة, الطبعة الاولى, دار سبيريز للطباعة والنشر-دهوك, 2007م.
النقشبندي، د. حسام الدين علي غالب/

98. أبودلف مسعر بن مهلهل الخزرجي و رحلته الى كردستان خلال السنتين (340-341هـ/951-952م)-دراسة تحليلية مع نص الرسالة المحققة، الطبعة الاولى، مؤسسة زين-مطبعة شفان، السليمانية، 2012م.
99. الكرد في لرستان الصغري (الشمالية) و شهرزور خلال العصر الوسيط-(دراسة سياسية حضارية)، الطبعة الاولي، مؤسسة زين للاحياء التراث و الصحفي الكردي، مطبعة شفان-السليمانية، اقليم كردستان العراق، العراق، 2011م.
نيكيتين, باسيل/
100. الكرد-دراسة سوسيولوجية وتأريخية، تقديم: لويس ماسينيون، نقله من الفرنسية وعلق عليه: د.نورى الطالبانى، الطبعة الثالثة، منشورات اراس-اربيل، 2004م.
مستوفي قزويني، حمدالله بن ابي بكر بن احمد بن نصر/(750هـ/1349م)
101. تاريخ گزيده، باهتمام: محمد دبير سياقى، چاپ اول، چاپخانەی حيدرى-تهران، 1336هـ.ش.
ناصر خسرو، قباديانى مرزوى/
102. سفرنامه، بة كوشش: د. محمد دبير سياقى، ضاث هفتم، أنتشارات زوار-تهران، 1381هـ.ش.
اوشيدرى، د. جهانگير/
103. دانشنامه مزديسنا، واژه نامه توضيحى أيين زردشت، چاپ أول، چاپخانەی سعدى-تهران، ايران، 1371هـ.ش.
بهرامى، بهمن/
104. ايين يارسان-در ارتابگ با اديان باستان ايران با تاكيد بر ميترائيسم، چاپ اول، اربيل-اقليم كردستان عراق-عراق، 2010م.
پور مكرى، محمد كيوان/
105. عشائر كرد-ايل سنجانى، چاپ اول، انتشارات دانش-تهران، 1329هـ.ش.
پيگولوسكايا، ن. و ديگران/
106. ايران از دوران باستان تاپايان سده هجدهم، ترجمه: كريم كشاورز، چاپ پنجم، أنتشارات پيام، چاپخانه مروى- تهران، 1363هـ.ش.
جيحون ابادى، نعمت الله/
107. شاهنامه حقيقت-حق الحقايق، چاپ اول، تهران، ايران، 1363هـ.ش.
زرين كوب، عبدالحسين/
108. تاريخ مردم ايران- ايران قبل از اسلام- كشمكش باقدرتها، چاپ أول، مؤسسه أنتشارات امير كبير-چاپخانه سپهر، تهران، 1374هـ.ش.
ئاكۆ بورهان محەمەد/
109. میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەباسی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی چوارچرا-سلێمانی، 2018ز.
بورەکەیی، صدیق/
110. فرهنگ بورەکەیی(کوردی-فارسی)، چاپ اول، چاپخانه ماهرنگ فجر، تهران، 1380هـ.ش.
111. هۆزی گەلاڵی، چاپی یەکەم، هەولێر، 1998ز.
ڕۆژبەیانی، مەلا جەمیل/
112. چوار دەوڵەتی کوردی-چوار دەوڵەتی فەرامۆشکراوی نەناسراو (دونبوڵی، شاهینی، شوانکارە، مینتشاهی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری-هەولێر، 2000ز.
113. مێژووی حەسنەوەیهی و عەییاری، چاپی یەکەم، دار الحرية للطباعة-بغداد، ١٩٩٦م.
د.زرار صدیق تۆفیق/
114. کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەتی ئیسلامیدا(11-656ك/632-1258ز)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر، 2010ز.
سۆران بەها ئەحمەد/
115. کشتوکاڵ و خۆراك لە هەرێمی چیا لە سەدەی چوارەمی کۆچی/دەیەمی زایینی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی سارا-سلێمانی، 2019ز.
قەفتان، صالح/
116. مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئیمرۆ، چاپی یەکەم، چاپخانە و ئۆفسێتی شڤان-سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق-عێراق، ٢٠٠٤ز.
د.کەیوان ئازاد ئەنوەر/
117. کوردستان و کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، 2014ز.
لەشکری، د. حیدر/
118. لە شەریعەتەوە بۆ حەقیقەت-سەرهەڵدانی سۆفیگەری لە پانتایی کوردیدا، چاپی یەکەم، دەزگای موکریانی-هەولێر، 2012ز.
مەردۆخ، محەمەد/
119. کورد و کوردستان، وەرگێڕانی: زانەر محەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر، 2011ز.
محمد أمين زکی/
120. کورد و کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دار السلام-بەغداد، عێراق، 1931م.
موکریانی، حوسێن حوزنی/
121. سەرجەمی بەرهەمی حسێن حوزنی موکریانی، کۆکردنەوە و لەچاپدانی: دەزگای ئاراس، بەسەرپەرشتی: د. کوردستان موکریانی، پێداچوونەوەی: عەبدوڵلا زەنگنە و فەخرەدین ئامێدی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس-هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق-عێراق، ٢٠٠٧ز.
نەقشبەندی، د. حسام عەلی غالب/
122. شارەزوور و لۆرستانی باکوور لە سەدەکانی ناوەڕاستدا-لێکۆڵینەوەیەکی (مێژوویی و شارستانی)یە، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ڕەنج ئەبوبەکر محەمەد، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهوشیاری(ی.ن.ك)، چاپخانەی حەمدی-سلێمانی، 2008ز.
نەوشیروان مستەفا ئەمین/
123. بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین-مێژووی سیاسی، چاپی یەکەم، الدار العربية للعلوم-ناشرون، بيروت، 2014ز.
هەورامانی، محمد امين/
124. کاکەیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی الحوادث-بغداد-عێراق، 1984ز.
هروتی، د. مەهدی عوسمان/
125. نەهامەتی و کارەساتەکانی کوردستان لە سەدەکانی (608ك/12-14ز)، چاپی یەکەم چاپخانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر، 2015ز.
هیوا مەلا حەسەن/
126. چەردەیەك لە مێژووی هۆزی گەلاڵی، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا-سلێمانی، 2017ز.
نوفل محمد نوري/
127. الاعياد والمناسبات و وسائل الترفية في بغداد في العصور العباسية(145-656هـ/726-1258م)، رسالة ماجستر مقدمة الى كلية التربية-جامعة الموصل،، الموصل، 1996م,